## پارتی کرێکارانی کوردستان PKK له‌ پێوه‌ندییه‌کانی تورکیاو ئیسرائیلدا

3112 -0891

د.سلام عبدالکریم
زانکۆی سلێمانی

م.ماجد خلیل فتاح
زانکۆی سلێمانی

### پێشه‌کی

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK له‌پێوه‌ندییه‌کانی تورکیاو ئیسرائیل له‌نێوان ساڵانی ( 0891– 3112 ) دا، بایه‌خ و گرنگی خۆی هه‌یه‌ له‌ڕوانگه‌ی لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستییو مێژووییه‌وه‌، چونکه‌ ئه‌و قۆناغه‌ پێویستی به‌شیکردنه‌وه‌ی زانستییو تیشك خستنه‌سه‌ر هه‌یه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ی له‌و قۆناغه‌دا پێوه‌ندییه‌کانی تورکیاو ئیسرائیل زۆر به‌هێز بووه‌، به‌تایبه‌ت له‌ساڵانی نه‌وه‌ده‌کاندا، به‌جۆرێك ئه‌و پێوه‌ندییه‌ گه‌یشته‌ ئاستی هاوپه‌یمانیی ستراتیژییو له‌به‌شێکی ئه‌و پێوه‌ندییانه‌دا پارتی کرێکارانی کوردستان به‌ئامانج گیراوه‌و له‌زۆربه‌ی رێکه‌وتننامه‌و پرۆتۆکۆله‌ سیاسییو ئاسایشییو بازرگانییو سه‌ربازییه‌کاندا روبه‌ڕووبوونه‌وه‌و ته‌وقدانی ئه‌و پارته‌ باسی لێوه‌کراوه‌. ئه‌گه‌رچی له‌پرۆسه‌ی قۆڵبه‌ستکردنی عه‌بدوڵا ئۆجه‌لانی سه‌رۆکی پارته‌که‌دا باس له‌رۆڵو به‌شداری ده‌زگای سیخوڕی ئیسرائیل (مۆساد) ده‌کرێت، وه‌ك هاوکاری ده‌زگای سیخوڕی تورکیا (میت)، به‌ڵام ئه‌مه‌ نه‌بووه‌ هۆی ئه‌وه‌ی، که‌ پێوه‌ندی له‌نێوان په‌که‌که‌و ئیسرائیلدا دروست نه‌بێت له‌دوای ساڵی 3111و به‌دیاریکراویش پاش چوونه‌ سه‌ری کاری پارتی دادو گه‌شه‌پێدان، که‌ پێوه‌ندییه‌کانی تورکیا له‌گه‌ڵ ئیسرائیل تاڕاده‌یه‌ك ساردی تێکه‌وت، به‌شێوه‌یه‌ك ئیسرائیل له‌په‌که‌که‌ نزیك بۆوه‌، به‌ڵام ئه‌م پێوه‌ندییانه‌ له‌ئاستێکی دیاریکراوو نهێنیدا مانه‌وه‌و نه‌بوونه‌ هۆی ئه‌وه‌ی، که‌ ئیسرائیل له‌لایه‌ك پێوه‌ندییه‌کانی خۆی له‌گه‌ڵ تورکیادا بپچڕێنێتو له‌ولاشه‌وه‌ هاوکاری سیاسییو سه‌ربازیی ته‌واوی په‌که‌که‌ له‌دژی تورکیا بکات.

له‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌دا میتۆدی لێکۆڵینه‌وه‌ی مێژوویی په‌یڕه‌و کراوه‌، به‌جۆرێك رووداوه‌کان تاڕاده‌یه‌کی زۆر به‌پێی ساڵو قۆناغه‌ مێژووییه‌کان ئاماژه‌ی بۆ کراوه‌و دواتر شیکردنه‌وه‌ی زانستیان بۆ کراوه‌و له‌هه‌ر جێگه‌یه‌کیشدا پێویست بووبێت لێکدانه‌وه‌و بیروڕای خۆمان نووسیوه‌. هاوکات ئامانجی نووسینی ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ خستنه‌ڕووی زانیارییه‌ بابه‌تییو ئه‌کادیمییه‌ له‌سه‌ر کاریگه‌ریی پارتی کرێکارانی کوردستان له‌سه‌ر پێوه‌ندییه‌کانی تورکیاو ئیسرائیل له‌ماوه‌ی نێوان ساڵانی 0891–3112، چونکه‌ بابه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ به‌زمانی کوردیو له‌ڕووی زانستییه‌وه‌ که‌متر لێکۆڵینه‌وه‌ی له‌باره‌وه‌ کراوه‌، بۆیه‌ پێویستی به‌شیکردنه‌وه‌و لێکدانه‌وه‌ی رووداوه‌کانی ئه‌و قۆناغه‌ هه‌یه‌ به‌گشتییو به‌تایبه‌ت کاریگه‌ریی ئه‌و پارته‌ له‌سه‌ر پێوه‌ندییه‌کانی ئه‌و دوو وڵاته‌.

له‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه‌دا ژماره‌یه‌کی زۆر سه‌رچاوه‌ سوودی لێوه‌رگیراوه‌ به‌زمانه‌ جیاوازه‌کانو له‌جۆره‌ جیاوازه‌کانی سه‌رچاوه‌، به‌تایبه‌ت ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی که‌ تایبه‌تن به‌بابه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌که‌، وه‌ك کتێبه‌کانی عه‌بدوڵا ئۆجه‌لانی سه‌رۆکی په‌که‌که‌، له‌وانه‌ (قضية التحرر الوطني الكردستاني وطريق الحل)و (مسيرة روما)و (مختارات)و(قوموا بتحضير أنفسكم حتى الموت لأجل النصر)، هه‌روه‌ها کتێبی(العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية)ی(احمد داود اوغلو)و (سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل)ی (د.عقيل سعيد محفوض)و(العلاقات التركية اليهودية واثرها على البلاد العربية)ی (د.هدي درويش)و(تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات في الدين والسياسة والعلاقات الخارجية)س(د.محمد نورالدين)و(المسالة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا)ی(د.عبدالعزيز شحادة المنصور). جگه‌ له‌وه‌ی ده‌قی رێکه‌وتننامه‌ سه‌ربازییه‌که‌ی نێوان تورکیاو سوریاش وه‌ك به‌ڵگه‌نامه‌ به‌کارهاتووه‌، که‌ که‌ره‌سته‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستییه‌. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی، که‌ هه‌ندێك نامه‌ ئه‌کادیمیی بڵاونه‌کراوه‌ به‌کارهاتووه‌، له‌وانه‌ (أثر صعود حزب العدالة والتنمية التركي على العلاقات التركية– الإسرائيلية)ی ( يسرى عبدالرءوف يوسف الغول). هه‌روه‌ك توانراوه‌ سوود له‌ژماره‌یه‌ك سه‌رچاوه‌

بەزمانەکانی ئینگلیزیی‌و تورکیی‌و فارسی وەربگیرێت، وەک( Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence)ی(Aliza Marcus)و(The Remarkable Turkish-Israeli Tie)ی(Amikam Nachmani)و(The Kurds and The Future of Turkey)ی(Michail M.Gunter)و(Kurtluk, turkluk,Alevilik, Etnik Ve Dinsel kimlik mucadelderi)ی(Martin van Bruinssen)و(مساله کرد وروابگ ایران وترکیه)ی(رابرت السن). هەروەها کەڵك لەهەندێك چاوپێکەوتن وەرگیراوە، کە کەسەکان نزیك بوون لەرووداوەکانەوەو خۆیان بەشێك بوون لێی‌و لەسەرکردایەتی پەکەکەدا بوون‌و ئاگایان لەرووداوەکان بووە، لەوانە چاوپێکەوتن لەگەڵ(عوسمان ئۆجەلان)و(خەلیل ئاتاج). سەرباری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گۆڤار بەزمانی عەرەبی سودی لێوەرگیراوە لەگەڵ ماڵپەری ئینتەرنێت، کە بابەتەکانی پڕ زانیاریی‌و زانستیی بوون.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، کە تایبەتە بە سەرەتاکانی دەستپێکردنی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل، دواتر وردەکاریی ڕێکەوتننامە سیاسیی‌و ئاسایشیی‌و سەربازیی‌و بازرگانییەکانیەکان‌و ئاستی پێوەندییەکانی هەردوولاو شوێنی پەکەکە لەو پێوەندیی‌و ڕێکەوتننامانەدا، تا ڕۆڵی ئیسرائیل لەهاوکاریی سیاسیی‌و سەربازیی‌و تەکنەلۆژیی تورکیا لەقۆڵبەستکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان‌و خستنەڕووی هۆکارو ئامانجەکانی پێوەندییەکانەی هەردوو وڵات. هەرچی بەشی دووەمە، ئەویش لەدوو باس پێکهاتووەو تەرخانکراوە بۆ تیشك خستنە سەر کاریگەریی پەکەکە لەسەر دژواریی‌و ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل. هەروەها ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی پەکەکە بە بزوتنەوەو وڵاتانی نەیاری ئیسرائیلەوەو ساردبوونەوەی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەدوای ساڵی 3111 و هاتنە سەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان لەتورکیا، تا دروستبوونی پێوەندی لەنێوان ئیسرائیل‌و پەکەکە لەئاستێکی دیاریکراودا. لەکۆتاییشدا ئەنجامگیریی خراوەتەڕوو، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان، کەتوانراوە سەرچاوە بەزمانە جۆراوجۆرەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوودیان لێوەربگیرێت.

## بەشی یەکەم

## پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل‌و ( پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ) لەرێکەوتننامەکانی نێوانیاندا

### باسی یەکەم- دەستپێکی پێوەندییەکان‌و دۆخی بەرژەوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل

### یەکەم- سەرەتاکانی دەستپێکردنی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل

کاتێك دەوڵەتی ئیسرائیل لە(0899/1/01) دامەزرا، تورکیا وەك دەوڵەتێکی زۆرینە مسوڵمان لەدیرۆکی(0898/2/39) بەفەرمی دانی پێداناو لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی ئەوکات، کە ( نەجمەدین صداق ) بوو، رایگەیاند:"دەوڵەتی ئیسرائیل راستییەکی واقیعییە".[1] لەساڵی(0811) یشەوە پێوەندیی ئابووریی‌و دیپلۆماسیی لەگەڵدا بەست.[2] ئەمەش بەوەی، کە تورکیا پێیوابوو گەشەپێدانی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل‌و پەرەپێدانی دەبێتەهۆی سەرچاوەی ئاسایش‌و سەقامگیریی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو یارمەتیی تورکیا دەدات وەك دەوڵەتێکی سێکیۆلاری مەدەنیی، جێگەی بایەخ دەربکەوێت. لەگەڵ دەسکەوتنی یارمەتی‌و هاوکاریی رۆژئاواو ئەوروپا لەڕووی سیاسیی‌و ئابوورییەوە. جگە لەوەی تورکیا ئیسرائیلی بەرەگەزێکی هاوسەنگیی دژ بەچاوچنۆکیی یەکێتی سۆڤییەت لەنێوچەکانی باشورییەوە دادەناو پێشبینیکردنی هاوپەیمانێتییەکیشی لەچوارچێوەی دامەزراوە ئاسایشیی‌و سیاسییەکانی رۆژئاوا لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرد.[3] دەستپێکردنی پێوەندیی تورکیاو ئیسرائیل بەکۆبوونەوەیەکی نهێنی نێوان بن گۆریۆن‌و عەدنان مەندەرێس لەساڵی 0819 دەستپێکرد، ئەگەرچی دوای لەسێدارەنی مەندەرێس دوورکەوتنەوەیەك روویدا، بەڵام جارێکی ترو لەساڵی 0899 چاوپێکەوتن لەنێوان عیسمەت ئینونو( 0829- 0811)و لیفی ئەشکوڵ لەپاریس ئەنجامدرا بۆ زیندووکردنەوەی رێکەوتننامە نهێنییەکە.[4]

هەروەها لەساڵانی حەفتاکانیشدا تاڕادەیەك وەك پێویست نەبوو پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت‌و هەوڵی تورکیا بۆ نزیکبوونەوە لەوڵاتانی عەرەبی خاوەن نەوت لەکەنداو، بەڵام تورکیا ئەو پێوەندییەی نەپچڕاند.[5] لەسەرەتای هەشتاکان‌و بەتایبەت دوای کودەتای(03ی ئەیلوولی 0891)، لەفەرمانگە سیاسیی‌و دیپلۆماسییەکانی تورکیادا، مەسەلەی باسکردن لەدروستکردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بابەتێکی گەرم‌و قسە لەسەر کراو بوو، بەشێوەیەك لەم نێوەندەدا دوو ئاراستە لەمەڕ ئەو پێوەندییەو سیاسەتی دەوڵەت لەئارادا بوو:

ئاراستەی یەکەم- لەگەڵ پەرەپێدانی هاریکاریی بوو.

ئاراستەی دووەم- لەگەڵ پچڕاندنی پێوەندیی بوو، یان لانیکەم فشارخستنە سەر دەوڵەت بۆکەمکردنەوەی بۆئاستێکی نزم.[6] بەڵام دواجار بیروڕای ئاراستەی یەکەم کاری پێکراو تاکۆتایی نەوەدەکانیش مایەوەو بەردەوامبوو، بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە ئەو پێوەندییە لەژێر کاریگەریی رووداوو پێشهاتە نێودەوڵەتیی‌و هەرێمییەکاندا گەرمیی‌و ساردیی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەکۆتاییدا بەهاوپەیمانێتییەکی ستراتیژیی کۆتاییهات. هەروەك بیرکردنەوە لەپتەوکردنی ئەم پێوەندییە لەگەڵ

---

[1] د.محمد نورالدين: تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات فی الدين والسياسة والعلاقات الخارجية، ط0، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، 0889، ص(082-089).

[2] د.اديب صالح اللهيبی وفهد عباس سليمان السبعاوی: التحالف التركی- الاسرائيلی فی تسعينيات القرن العشرين وانعكاساته على الامن الوطنی السوري، مجلةجامعة كركوك للدراسات الانسانية، مج(7)، ع(2)، 3103، ص0.

[3] د.عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، مركز القدس للدراسات السياسة، 3113، ص88.

[4] د.هدى درويش: العلاقات التركية اليهودية واثرها على البلاد العربية، ج3، ط0، دار القلم، دمشق، 3113، ص217.

[5] د.محمد نورالدين: تركيا الحائرة، م.س، ص(088- 311).

[6] د.وليد رضوان: العلاقات العربية- التركية فی القرن العشرين السورية التركية- نموذجا، ط0، دار عبدالمنعم-ناشرون، حلب، 3119، ص317.

ئیسرائیل زیاتر چینی سیاسییو سەربازیی لەتورکیا پاساویان دەدا لەسەر ئەو بنەمایەی، کەئیسرائیل شارەزایی سیخوڕیی هەیەو دەتوانرێت هاوکار بێت لەدەوردانی جوڵانەوەی کوردیی، کە مەبەستیان پارتی کرێکارانی کوردستان بوو.[1] بێگومان بەردەوامبوونی ئەو پێوەندییە لەژێر کاریگەریی هەندێ هۆکاردا بووە، بەجۆرێ هەرلایەك پێویستیی بەویتر هەبووە لەو پێوەندییەدا.

**دووەم– پێویستیی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل**

لەڕووی سیاسییەوە سروشتیی ئاڕاستەو رووکردنی سیاسییو فەرهەنگیی تورکیا، کە هەر لەسەرەتاوە رووەو رۆژئاوا بوو، ئیسرائیلیش لەنێو ئەو جیهانەدا بوو.[2] هەروەها تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دەیویست سوود لەپێوەندیی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل وەربگرێت بۆزیاتر نزیکبوونەوە لەئەمریکا، چونکە لۆبی جیهانیی جولەکە کاریگەریی گەورەیان لەسەر هێزە نێودەوڵەتییەکان هەبوو، بەتایبەت ئەمریکا، بۆوەستانەوە لەدژی لۆبیی ئەرمەنییو یۆنانیی، کەکاریان لەسەر وروژاندنی ناکۆکییەکانی رابردوو دژ بەتورکیا دەکرد.[3] سەرباری سودوەرگرتن لەئیسرائیل بۆدژایەتیکردنو روبەڕووبوونەوەی سوریا، کە لەلایەك کۆمەکی PKK ی دەکردو لەلایەکیترەوە هەوڵی دروستکردنی پێوەندیی لەگەڵ یۆناندا دەدا.[4] ئەمە جگە لەهەوڵدان لەهەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لەزانیاریی سیخوڕیی ئیسرائیل بۆلەنێوبردنی تیرۆر(کە مەبەست لێی PKK) بوو.[5] هاوکات لەو لەو قۆناغەداو لەسیستمی نوێی جیهانیدا، زیاتر ئیسرائیل تێیدا زاڵبوو، درێژکراوەی ئەو سیستمە جیهانییەش بوو، کەئەمریکا تێیدا باڵادەستبوو، بۆیە قەبارەو ستراتیژیی تورکیا تاڕادەیەکی زۆر تاچەند پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل لەڕووی ئاسایشو سەربازییو ستراتیژییەوە بەهێز بکات، کۆمەکیی ئەکات، بەتایبەت لەچوارچێوەی ناتۆدا.[6] بەڵام بەڵام ئەم بۆچوونە زۆر بەهێز نەبوو، بەڵکو پێویستییەکانی تری تورکیا گرنگتر بوو.هەروەها تورکیا دەیویست بەرەو تێروتەواوبوون ( التكامل ) بچێت سەبارەت بەرۆڵی هەرێمییو لەچوارچێوەی هەوڵەکانی بۆبەرپاکردنی سیستمێکی هەرێمیی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستو نێوچەکەدا، کەخۆی رۆڵی گەورەی تێدا بگێڕێت، سەرەڕای لێکچوونی سیستمی سیاسی سێکیۆلاری هەردوو وڵات.[7] لەڕووی ئابوورییەوە، تورکیا ئارەزووی چوونە نێو بازاڕو دامەزراوە جیهانییەکانی دەکرد، کە ئیسرائیل رۆڵی گەورەی تێیاندا هەبوو.[8] لەگەڵ پەرەپێدانی بازرگانییو رزگاربوون لەقەیرانی ئابووریی، بەتایبەت لەساڵانی نەوەدەکان، وەك وەك کەمو کورتی لەبودجەی گشتییو دابەزینی داهاتی تاکەکەس. بۆیە پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل بەدەروازەیەك زانی بۆچارەسەرکردنی ئەو قەیرانە ئابووریانە.[9] بەتایبەت تێچوونی جەنگیی لەبەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ساڵانە بە(7– 9) ملیۆن دۆلار دەخەملێنرا.[10] هەروەك دەیویست سوود لەئیسرائیل وەربگرێت بەوپێیەی هاوپەیمانی

---

[1] د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، ط0، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 3118، ص231.

[2] جليل عمر علي: السياسة الخارجية التركية حيال الشرق الاوسط، ط0، مركز كوردستان لسياسات الاستراتيجية، السليمانية، 3100، 099.

[3] عايدة العلي سرى الدين: العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، ط0، دار الافاق الجديدة، بيروت، 0897، ص81.

[4] جراهام فولر: الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامي، ط0، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ابوظبي، 3118، ص021، و د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية في السياسة السورية تجاه تركيا، ط0، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 3111، ص383.

[5] احمد داود اوغلو: العمق الاستراتيجي، موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية، ت(محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل)، ط0، الدار العربية للعلوم ناشرون، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، 3101، ص919.

[6] د.عماد الضميري: تركيا، م.س، ص002.

[7] د.اديب صالح اللهيبي وفهد عباس سليمان السبعاوي: التحالف، م.س، ص2، ود.عماد الضميري: تركيا، م.س، ص000.

[8] عايدة العلي سرى الدين: العرب والفرات، م.س، ص87.

[9] علي صالح الميراني: العلاقات التركية الاسرائيلية(0898–3118) بين الاستقرار والتارجح، ط0، مطبعة جامعة دهوك، 3101، مركز الدراسات الكردية الكردية وحفظ الوثائق، ص11، و جليل عمر: السياسة الخارجية، م.س، ص091.

[10] د.عوني عبدالرحمن السبعاوي: تركيا وكيان الصهيوني، ميادين الشراكة الاستراتيجية، ص019.

ستراتیژیی ئەمریکایە لەنێوچەکە، بەو مەبەستەی ئەمە یارمەتی بدات، بۆئەوەی دۆخی خۆی لەدانوستانەکانی لەگەڵ دامەزراوەی کۆمەك کردنی نێودەوڵەتیی بەهێز بکات، بەمەبەستی وەدەستهێنانی قەرزی نوێ بۆهاوکاریکردنی چاکسازیی ئابووریی.[1] هەرچی لایەنی سەربازیی بوو، تورکیا زۆر مەبەستی بوو، ئەوەش بەحوکمی پێشکەوتوویی ئیسرائیل لەبواری چەكو ئامێری نوێی جەنگیی، بۆیە ئەمە هەرزوو تورکیای والێکرد لەپێناوی نوێکردنەوەی سوپاکەیو بەهێزکردنی پێگەی سەربازیی لەنێوچەکەدا بیر لەنزیکبوونەوە لەئیسرائیل بکاتەوە لەو رووەوە، بەجۆرێك رەهەندێکی رێکەوتننامەو هاوپەیمانیی نێوانیان بێت، بەتایبەت لەسالآنی نەوەدەکانو لەم پێناوەشدا چەندین رێکەوتننامەیان پێکەوە ئیمزاکردووە. سەرەڕای ئەوەی بوونو بەردەوامی شەڕ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان PKK یەکێك لەپاڵنەرەکانی دیکەی بایەخدان بەو پێوەندییە بوو.

**سێهەم- پێویستیی ئیسرائیل بەپێوەندیی لەگەڵ تورکیا**

لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لەنێو دڵی جیهانی عەرەبیدا کێشەی گەورەبوو بۆی، بۆیە سیاسەتوانانی ئەو وڵاتە هەوڵیاندا لەو کەنارگیرییەی تێیکەوتبوو، لەرێگەی بەستنی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، لەوانە ئێرانو تورکیا، رزگاری بکەن، دواتر تورکیا بەباشتر زانرا، بەهۆی نزیکیی لەئەورووپاو نەبوونی هەستی رقلێبوونەوەو بالآدەستیی سیستمی سێکیۆلار لەو وڵاتە.[2] سەرباری ئەوانەش ئیسرائیل چەند ئامانجێکی هەبوو لەو پێوەندییە، کەبریتی بوو لەدروستکردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لەرێگەی دامەزراوەی سەربازییو سوپاوە، بۆفشار دروستکردن لەسەر دەوڵەتانی عەرەبیو ناچارکردنیان بۆملدان بۆداواکارییەکانی ئیسرائیل لەپرۆسەی ئاشتیی عەرەب- ئیسرائیل. هەروەها گەمارۆدانی سوریا لەپشتەوەو ملکەچکردنی بۆمەرجو داواکارییەکانی لەدانوستانەکانی نێوانیان.سەرەڕای هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی تورکیا وەك پردێك بۆپەڕینەوە بەرەو کۆمارەکانی ئاسیا، کەبەدەرامەتی نەوتو گازی سروشتیی دەوڵەمەند بوون.[3] هەروەك هەوڵی وەدەستهێنانی کۆمەکی کارای هێزە ناعەرەبییەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست یاخود لانیکەم بێلایەنکردنیان لەکێشەی عەرەب- ئیسرائیلدا دەدا، لەگەڵ کارکردن بۆهەڵسوکەوتکردن بەسەر **هاوسەنگیی هێز لەنێو دەوڵەتانی عەرەبیدا.**[4]

بەلآم لەم نێوەندەدا بەهۆی کێشەی فەلەستینەوە، هەندێکجار پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل هەڵکشانو داکشانی بەخۆوە دەبینی، ئەمەش رەنگدانەوەی سیاسەتی پراگماتییانەی تورکیا بوو، کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی بالآی نەتەوەیی دامەزرابوو.[5] پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل فاکتەرێکی کاریگەرو کارتێکەری پێوەندییەکانی تورکیاو سوریا

---

[1] د.محمد نورالدین: ترکیا الحائرة، م.س، ص309.

[2] علی صالح المیرانی: العلاقات الترکیة الاسرائیلیة(0898-3118) بین الاستقرار والتارجح، ط0، مطبعة جامعة دهوك، 3101، مرکز الدراسات الکردیة وحفظ الوثائق، ص00.

[3] خورشید حسین دلی: ترکیا والقضایا السیاسة الخارجیة الترکیة، جمعیة الکتاب العرب، دمشق، 0888، ص39.

[4] د.احمد داود اوغلو: العمق الاستراتیجی، م.س، ص919، وفلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، م.س، ص(88-011).

[5] چەند نموونەیەك لەسیاسەتی پراگماتیزمی تورکیا بەرامبەر کێشەی فەلەستین:

- لەتشرینی یەکەمی 0878 رێگەی بەکردنەوەی نوسینگەی رێکخراوی رزگاریخوازیی فەلەستین لەئەنقەرە دا.
- پاشئەوەی ئیسرائیل قودسی خستە نێو نەخشەی جوگرافیی خۆیەوە، دوای 8 مانگ تورکیا ناڕەزایی توندی ئاراستە کردو هەڵسوڕێنەری کاری خۆی لەتەلئەبیب کشاندەوە.
- داننان بەدەوڵەتی فەلەستین، کەئەنجومەنی نیشتمانیی فەلەستین راگەیاندبوو.
- قبوڵکردنی رێکخراوی بەرەی رزگاریخوازیی فەلەستینی وەك نوێنەری شەرعی گەلی فەلەستین.
- راگرتنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل بەهۆی پەرەسەندنی راپەڕین لەنێوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین لەکانوونی یەکەمی 0897، بڕوانە فلیب روبنس: ترکیا والشرق الاوسط، ت(میخائیل نجم خوری)، ط0، دار قرطبة، دار البیضاء، 0882، ص(88- 011).

بوو، بەتایبەتیش لەساتەوەختی هاتنەئارای رێکەوتننامەی ستراتیژی نێوانیانەوە، کە یەکێك لەئامانجەکانی ئەو رێکەوتننامەیە گوشار خستنە سەر سوریا بوو. لەمبارەوە(عەزرا وایزمەن)ی سەرۆکی ئیسرائیل دەبێژێت:"هاریکاریی سەربازیی تورکیاو ئیسرائیل لەپێناوی ناچارکردنی سوریایە، بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ هەریەکە لەتورکیاو ئیسرائیل".[1]

**چوارەم– رێکەوتننامە سیاسیی و سەربازییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل**

ئەگەرچی دوای کۆدەتای 03 ی ئەیلولی 0891 بیروبۆچوون زیاتر لەگەڵ بەهێزکردنەوەی پێوەندییەکان بوو، بەڵام تاساڵانی نەوەدەکان تورکیا بەدرِدۆنگییو ئاگاهییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکرد، تاوەکو هاتنەئارای کۆبوونەوەکانی تایبەت بەپرسی پرۆسەی ئاشتیی عەرەب– ئیسرائیل، بەتایبەت:

- کۆبوونەوەی مەدرید لە(تشرینی دووەمی 0880).
- رێکەوتننامەی ئۆسلۆ لەرۆژی(0882/8/02).
- رێکەوتننامەی (وادی عربة) لەرۆژی(0889/01/39).

جگەلەوەی پێشتریش هەندێك شت رویاندا بوو، کە لەگەڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوە درِدۆنگی تورکیای نەهێشت، وەك سەردانی یاسر عەرەفاتی سەرۆکی بەرەی رزگاریخوازیی فەلەستین بۆمیسر لەکانوونی دووەمی 0892و باسکردنو بەرەوا زانینی دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل. هەروەها هاتنەئارای کەمو کورِیی پلەبەپلەلەپێوەندییە ئابوورییە قازان بەخشەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەب، بەتایبەت نزمبوونەوەی نرخی نەوت، بۆیە لەم چوارچێوەیەداو لەساڵی(0899) شەوە پێوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل زیندووکردەوە لەگەڵ رێکەوتنی ئاسایشییو سیخورِییو زانیاریی.[2] هەروەها هەر لەو ساڵەدا ئیمزایان لەسەر بەرنامەیەکی هاریکاریی نهێنی نێوانیان کرد دەربارەی پەرەپێدانی فرۆکەی تورکیی لەجۆری ( ئێف– 9 ) بەبرِی 911 ملیۆن دۆلار.[3] لەحوزەیرانی(0883) عەبدولقادر ئاچی وەزیری گەشتیاریی تورکیا، یەکەم گەشتیی دەرەوەی بۆئیسرائیل ئەنجامدا، دوای 37 ساڵ، لەوێ رێکەوتننامەیەکی هاریکاریی گەشتیاریی لەنێوان هەردوولا ئیمزاکرد.

دواتر لەنێوەرِاستی تەمموزی 0883 سەرۆکی ئیسرائیلی حاییم هرتزوگ سەردانی تورکیای کردو لەرۆژانی ( 9–00 ی ئابی 0882) فەرماندەی چەکی هەوایی ئیسرائیلی سەردانێکی نهێنی تورکیای کرد( دوای رۆژێك لەکۆتاییهاتنی سەردانە ئاشکرا بوو)، لەمیانەیدا چاوی بەوەزیری بەرگرییو سوپا سالار دوگان گۆریش لەگەڵ خاوەنی داوەتنامەکەو فەرماندەی چەکی هەوایی تورکیا خالس بورهان کەوت. سەرچاوە دیپلۆماتییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لەو سەردانانەدا باس لەئیمکانییەتی هاریکاریی هەردوولا کراوە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، بەشێوەیەك فەرماندە ئیسرائیلییەکە زانیاری دەربارەی بنکەو بارەگاکانی ئەو پارتە لەدەشتی بیقاع داوەتە تورکیا.[4] هەروەها لەرۆژی (0882/00/09)یشدا حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوە سەردانی ئیسرائیلی کردو رێکەوتننامەیەکی تری لەبواری سیاسییو ئابوورییو هاوکاریی فێرکردن ئیمزاکرد. بایەخی ئەم سەردانە لەوەدابوو، سەردەمێکی نوێ لەپێوەندییەکانی هەردوو وڵات دەستپێکرد.[5]

---

[1] د.وليد رضوان: العلاقات العربية– التركية، م.س، ص389.

[2] فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، م.س، ص88.

[3] د.عونى عبدالرحمن السبعاوى، تركيا وكيان الصهيونى ميادين الشراكة الاستراتيجية، مج(الفكر السياسي)، ع(0) دمشق، 0887، اتحاد الكتاب العرب، ص012.

[4] د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ط0، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 3119، ص(309–307).

[5] يوسف ابراهيم الجهماني: تركيا واسرائيل، ط0، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 0888، ص90.

هەروەها رۆژی ( 2 ی تشرینی دووەمی 0889 )و لەکاتی سەردانی تانسۆ چیللەری سەرۆك وەزیران لەسەر ئاستی بواری ئاسایشیی نێوان هەردوو وتوویژ کراو ڕێکەوتننامەیەك ئیمزا کرا، کە لە( 03 ) مادە پێکهاتبوو تایبەت بەهاریکاریی ئاڵوگۆڕی زانیاریی بۆ لەنێوبردنی تیرۆر، کە مەبەست لێی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بوو، تێیدا هاتبوو:

0. لەنێوبردنی بەقاچاخ بردنی مادی هۆشبەر لەخاکی هەردوو وڵات.
3. ئاڵوگۆڕی زانیاریی‌و گرتنەبەری ڕێو شوێن بۆ پاراستنی هاوڵاتیان دژی کردەوەی تیرۆریستیی.
2. ئاڵوگۆڕی شارەزایی ڕاهێنانیی لەسەر ئامرازەکانی لەنێوبردنی تاوان.[1]

لێرەوە پێوەندییەکان پێیاننایە قۆناغێکی نوێوە، بەشێوەیەك بەرەو بەستنی ڕێکەوتننامەی سیاسیی‌و بازرگانیی‌و سەربازیی هەنگاوی نا، تاڕادەی هاتنەئارای هاوپەیمانێتیی سیاسیی‌و سەربازیی لەنێوانیانداو بەگوێرەی وتەی (ئیسحاق رابین)ی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی ئیسرائلی دەسپێکردنی کرداریی ڕێکەوتنە ئاساییشیی‌و سەربازییەکانی نێوان تورکیاو وڵاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 0889 و 0881 لەمیانەی وتوێژەکانی نێوانیان، کە نێوبراو پێشنیازی بەستنی بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا کردووە،[2] بۆیە دواترو ڕاستەوخۆ بەم شێوەیەی لای خوارەوە بەکرداریی دەستیپێکرد:

– رۆژی(0889/3/32) لەکاتی سەردانیی جێگریی سەرۆکی ئەرکانی سوپای تورکیا(جوبق بر) بۆئیسرائیل، ڕێکەوتننامەیەکی هاریکاریی سەربازیی ئیمزاکرد، کەتاڕادەیەك وردەکارییەکەی بەنهێنیی مایەوە.

– رۆژی(0889/9/39) ڕێکەوتننامەی دووەمی سەربازیی تایبەت بەپرۆژەی نوێکردنەوەی فرۆکەی فانتۆمی تورکی لەلایەن ئیسرائیلەوە ئیمزاکرا.

– لەرۆژی(0889/03/0) ڕێکەوتننامەی سێیەمی تایبەت بەهەمان پرۆژەو ڕاهێنان‌و مانۆڕی سەربازیی هاوبەش ئیمزاکرا.

– لەرۆژی(0887/9/9) ڕێکەوتننامەی چوارەمی تایبەت بەخەملاندنی مەترسییەکان ئیمزاکرا.[3]

بەگوێرەی ڕێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی نێوانیان هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر:

0. ئیسرائیل 19 فڕۆکەی ( ئێف– 9 )ی تورکیی بەبڕی 911 ملیۆن دۆلار نوێ دەکاتەوە.
3. ئیسرائیل 99 فڕۆکەی ( ئێف– 09 )ی تورکیا بەبڕی 001 ملیۆن دۆلار ئەنکەرە نوێ دەکاتەوە.
2. ئەنکەرە بواری ئاسمانی‌و بنکە سەربازییەکانی بۆ ڕاهێنانی فڕۆکە ئیسرائیلییەکان دەکاتەوە.
9. دەزگای سیخوڕیی ئیسرائیلیی زانیاریی وردو درشت پێشکەشی دەزگای سیخوڕی تورکیی دەکات، وردەکاریی جموجولەسەربازییەکانی سوریاو ئێران‌و عێراقو، چالاکی ( پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ) ی تورکیی لەنێوچەکەدا لەخۆدەگرێت.
1. ئیسرائیل هەڵدەستێت بەهاوکاریکردنی فڕۆکەی (ئێف– 9) بەموشەکی ( بوبای) ی ئیسرائیلی، بۆلێدانی موشەکە رووسییەکان، کە بەقوبروسییە یۆنانییەکانی دەفرۆشێت.
9. دروستکردنی تانکی(میرکافا)و موشەکی(بوبای)ی ئیسرائیلیی بەتورکیا.
7. ئیسرائیل هەڵدەستێت بەنوێکردنەوەی تانکی ( ئێم– 91) ی تورکیی.
9. ئیسرائیل هەڵدەستێت بەفرۆشتنی رادارو کەرەستەی گوێ هەڵخستنی هەستیار بۆ تورکیا بۆ بەکارهێنانی لەسەر سنوورەکان لەگەڵ عێراق، بۆ چاودێریکردنی جموجوڵی چەکدارانی ( پارتی کرێکارانی کوردستان).

---

[1] محمد نورالدین: ترکیا الحائرة، ص311، م.عبدالصمد ناجی ملا یاس: مستقبل العلاقات الترکیة الاسرائیلیة فی ضوء مشروع شرق اوسطیة، مجلةجامعة تکریت للعلوم القانونیة والسیاسیة، ع(3)، سنة(0)، ص287.

[2] http://albainah.net/index.aspx?function=Item&id=1448&lang= سيف علي حسني: العلاقات التركية الإسرائيلية والأمن القومي الإيراني.

[3] جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی ترکیا والعلاقات العربیة الترکیة، ط0، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، ص (399، 272).

8. ئەنکەرە بیر لەکڕینی فڕۆکەی سیخوڕیکردنی بێفڕواکەوان لەئیسرائیل دەکاتەوە.
01.هاریکاریی لەبواری تەکنەلۆژیی ئاسمانیی، بۆ هەڵدانی مانگی دەستکردی سەربازیی هاوبەش، کەکارئاسانی دەکات لەگرێدانی فەرماندەیەتی ئەرکانی تورکیی بەفەرماندەیەتی ئەرکانی ئیسرائیلی ڕاستەوخۆ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر بەرەو پێشچوونێکی کتوپڕ لەنێوچەکەدا.
00.هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ئەنجامدانی مانۆڕی ئاوییو هەوایيو وشکانیی هاوبەش بەشێوەی خولیی.[1]

ماوەی نێوان ( 0888– 3110 ) پێوەندییەکانی ئیسرائیلو تورکیا چوونە دۆخێکی پێشکەوتووەوە، لەرووی چۆنێتی پێوەندییەکانەوە، چونکە ئیسرائیل لەبواری دروستکردنی مانگی دەستکردی جۆری ئاسۆیی، بەبڕی 379 ملیۆن دۆلار لەسەر حسابی تورکیا سودی بینی، تەنها لەبەرئەوەی تورکیا بەهرەمەند بێت لەبواری هەواڵگریی وێنەییدا. لەپاش ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەری 3110، چەند ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان تورکیاو ئیسرائیل لەبواری پرۆژەی پیشەسازیی هاوبەش واژۆکرا، کە خۆیان لەبەرهەمهێنانی موشەکی دلینە بالستیەو نوێکردنەوەی فڕۆکە ئێف پێنجەکانی تورکیاو 3111 تانکدا دەبینییەوە بۆ تورکیا.[2] پاشتریش بەچوونە سەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان لەتورکیا، کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیایەکی ئیسلامیی بوو، لە2ی نۆڤەمبەری 3113 توانی ٪29 دەنگەکانو 291 کورسی پەرلەمان مسۆگەر بکاتو توانی بۆ هەوەڵجار ببێتە فەرمانبەرداری وڵات. ئەوە لەکاتێکدا بوو، کە دۆخی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیل لەلوتکەدا بوو. وەلێ جەنگی ئەمەریکاو ئێراقو ملنەدانی تورکیا بۆ هەماهەنگی ئەمەریکاو بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیك لە3112، هاوکات دەرکەوتنی سەرەداوگەلێك بۆ تورکیا، کە ئیسرائیل ڕۆڵی هەیە لەنێو کوردانی ئێراق دا، ئیدی تورکیا بەخۆداچوونەوەی لەپێوەندییەکانیدا کرد لەگەڵ ئیسرائیلدا.[3] ئاکەپە هەر لەسەرەتاوە شیمانەی تێکچوونی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد بوو، چونکە وەختێ چووە سەرتەخت، ئیدی وردە وردە پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا پێشکەوتنو لەیەکەم کاردانەوەشیدا ئەوەی دایە دوواوە، کە چاویان بەباڵوێزی ئیسرائیلی بکەوێت. لەبەرامبەردا تەواوی باڵوێزەکانی وڵاتانی عەرەبی گردکردنەوەو پێی ڕاگەیاندن، کە نیازیانە پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای ئیسلامیيو عەرەبیدا گوڕ پێبدەنەوە.[4] هاوکات لە3112 دا عەبدوڵا گویل سەردانی دیمەشقی کردو ڕایگەیاند لەگەڵ لێدانی ئێراقدا نییەو نایەوێت سوریاش پەراوێز بخرێت بەهۆی نەیارێتی ئەمەریکاوە.

### پێنجەم– کۆتو پێوەندەکانی ڕێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی نێوان تورکیا و ئیسرائیل

سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی نێوانیان، بەڵام هەریەکە لەتورکیاو ئیسرائیل چەند مەرجو کۆتو پێوەندێکیان لەسەری دانا، کەپێکهاتبوو لە:

یەکەم– بەشدارینەکردنی ئەندامانی یەکەی سەربازیی شوێنکەوتەی هەریەکە لەو دوو دەوڵەتە لەمیانەی سەردانیکردنی دەوڵەتەکەی تر لەهەر پێکدادانێکی چەکداریی لەگەڵ لایەنی سێیەم لەدۆخی تێوەگلانی دەوڵەتی میوانیکەر لەکردەوەی سەربازیی.

دووەم– هەردوو دەوڵەت مافی کشانەوەی یەکە سەربازییە سەردانکەرەکانی بۆ دەوڵەتەکەی تر هەیە، لەدۆخی جەنگو پێکدادانی چەکداریيو شڵەژانە نێوخۆییەکاندا.

---

[1] د.هدي درويش: العلاقات التركية– اليهودية، ج3، م.س، ص(219–218).

[2] يسرى عبد الرءوف يوسف الغول: اثر صعود حزب العدالة التنمية التركى على العلاقات التركية الاسرائيلية، جامعة الازهر، غزة، ص01.

[3] رجب الباسل: دور تركيا في القضية الفلسطينية، http://www.alzaytouna.net/permalink/5632.html

[4] رنا عبد العزيز خماش: العلاقات التركية– الإسرائيلية وتأثيرها على المنطقة العربية، ط0، مركز دراسات الشرق الاوسط، عمان، 3101، ص 010.

سێیەم– کورتکردنەوەی مانۆڕی سەربازیی هاوبەش، کە لەتشرینی دووەمی 0887 جێبەجێدەکرێت لەپرۆسە جەنگییەکانداو تەرکیز دەخاتە سەر وەزیفە هونەرییە دیاریکراوەکان، کەپەیوەستن بەکردەکانی گەڕان‌و رزگارکردن.[1]

سەبارەت بەئامانجە سەرەکییەکانی رێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی تورکیاو ئیسرائیل، بەگوێرەی بیروڕای بژاردەی سەربازیی تورکیا ئامانجە سەرەکییەکانی رێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی وڵاتەکەیان لەگەڵ ئیسرائیل خۆی دەبینییەوە لە: دوورخستنەوەی مەترسی ئوسولگەرایی ئیسلامیی لەنێوخۆ ( پارتی رەفاه)و مەترسی ئوسولگەرایی هەرێمیی (ئێران). هەروەها مەترسی دووەم دامەزراوەی سەربازیی لەتیرۆردا دیاریکردووە، کە خۆی لەپارتی کرێکارانی کوردستان PKK و درێژبوونەوە هەرێمییەکەیدا دەبینییەوە، بەوەی سوریا هاوکاریی بنکەو بارەگا چەکدارییەکانی پارتی نێوبراو دەکات.[2]

**شەشەم– بایەخ‌و دەرئەنجامەکانی رێکەوتننامەی سەربازیی لەسەر هەریەکە لەتورکیا‌و ئیسرائیل**

هەر لەسەرەتاوە یەکێك لەمەبەستەکانی تورکیا لەپێوەندیی‌و رێکەوتننامەکانی لەگەڵ ئیسرائیل سوودوەرگرتن بوو لەتوانا سەربازیی‌و تەکنەلۆژییەکانی ئەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، کە ئەوان وەك تیرۆر وێنایان دەکرد، جگە لەوەی تورکیا ئەو ئومێدەی تری بەئیسرائیل هەبوو، کە کۆمەکی بکات لەوڵاتە ئەوروپییەکان بۆ سەرکوتکردنی هەر جموجوڵێکی سیاسیی یاخود میدیایی رێکخراوە کوردییەکانی نێو ئەو وڵاتانە،[3] کەزیاتر لەPKK وە نزیکبوون. هەروەها بایەخی دیکەی رێکەوتننامە سیاسیی‌و سەربازییەکانی نێوانیان، سەبارەت بەتورکیا بریتیی بوو لەوەی فڕۆکەوانەکانی تورکیا توانای راهێنانیان لەسەر کۆمەکیکردنی فڕۆکەکان بەسوتەمەنی لەهەوا بەدەستدەهێنا، جگە لەراهێنانیان لەسەر جەنگی ئەلیکترۆنیی‌و ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیی لەئیسرائیلەوە بۆ تورکیا، بەتایبەت، کەهێزە هەواییەکانیان پشتیان بەتەکنەلۆژیا دەبەست. سەرباری گەیشتنی راهێنان لەخوێندنگە سەربازییەکانی تورکیا لەهەموو قۆناغەکان بەهۆی راهێنەرە ئیسرائیلییەکانەوە بەئاستی راهێنان لەخوێندنگە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لەگەڵ پەرەپێدانی فڕۆکەی ( ئێف– 9 )ی تورکیی لەسەر دەستی شارەزا ئیسرائیلییەکان. هەروەها پڕکردنەوەی 11٪ ی پێداویستی راداری تورکیا، کە ئامانجە زەمینییەکان دیاری دەکات لەهەواوەو کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی بۆ پیشەسازیی فڕۆکە ئاستی 19 فڕۆکەی تورکیا لەجۆری ( ئێف– 9 ) بۆ جۆری فانتۆم 3111 بەرز دەکاتەوە. هەروەك هەمان کۆمپانیای نێوبراو کۆمەکیتری تورکیا ئەکات لەو رووەوە. هاوکات سوودوەرگرتنی تورکیا لەتەکنەلۆژیای ئیسرائیلیی بۆ رێگریکردنی پەڕینەوەی تیرۆریستان لەسنوورەکانییەوە.( مەبەست چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بوو)، بەتایبەت ئیسرائیل خاوەنی بەرزترین تەکنەلۆژیا بوو لەئاسایشیی سنووردا.[4] ئەمە جگە لەوەی بواری مانۆڕی تورکیای لەبەردەم دەوڵەتانی عەرەبی فراوان دەکردو ئیسرائیل دەبووە هاوپەیمانێکی گرنگی تورکیا لەروبەڕووبوونەوەی تەوژمە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی نێوخۆ، کە مایەی هەڕەشە بوون بۆ سەر سیستێمی سێکیۆلاریزم، لەولاشەوە تورکیا دەیتوانی بەرەنگاری لۆبی ئەرمەنی‌و یۆنانی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ببێتەوەو زۆر بایەخی تر...[5] هەرچی ئیسرائیلیش بوو سوودمەند دەبوو لەڕووی تەوقدانی زیاتری سوریاو گوشار خستنەسەری لەباکوورو باشوور بەتایبەت بۆ کاتی دانوستانەکانی نێوانیان. هەروەها لەرێگەی ئەم رێکەوتنەوە دەیتوانی گورزی ئاسمانی لەقووڵایی خاکی ئێران بوەشێنێت، بەدیاریکراوی لەکارگەکانی پیشەسازیی کیمیایی. سەرەڕای ئەوەی ئەم رێکەوتنە توانای تەحەکوم کردنی بەسەر ئاسایشی هەرێمیی لەنێوچەکەدا بەئیسرائیل دەبەخشی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە سەربازییەکەی لەچوارچێوەی سیاسەت‌و بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای

---

[1] مرکز الدراسات السياسية والاستراتيجي: التقرير الاستراتيجي، القاهرة، 0889، ص019.

[2] رضا هلال: تركيا من اتاتورك الى اربكان، الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام، ط0، دار الشروق، بيروت، 0888، ص(093–092).

[3] د.هدي الدرويش: العلاقات التركية– اليهودية، ج3، ص211.

[4] ن.م، ص(290–293).

[5] ن.م، ص(279–277).

**هاوپەیمانیی.[1] سەبارەت بەکەمو کوڕیی ڕێکەوتننامەکە، ئەو رەخنەیەی لێدەگیرێت، کە چەمکی ڕێکەوتننامەکە سەبارەت بەدەوڵەتانی نێوچەکە ناڕوون بوو، هەروەك ئیمزاکردنیشی پێچەوانەی یاسا بوو، چونکە بێ رەزامەندی لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی تورکیا بوو، کە شاردنەوەکەشی بۆ رەهەندە ئاسایشییەکانی نێو خاڵی ڕێکەوتننامەکە دەگەڕێتەوە.[2]**

---

[1] ن.م، ص(272–279).

[2] **سیف علي حسني: العلاقات الترکیة الإسرائیلیة والأمن القومي الإیراني**:http://www.albainah.net/index.aspx?function=Item&id=1609&lang=

## باسی دووەم- پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەرێکەوتننامەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا

ئەگەر سەیری دەقی رێکەوتننامەی سەربازیی تورکیاو ئیسرائیل بکەین، بەروونی لەوە تێدەگەین، کە لەبەشێکی برگەو بەشەکانیدا پارتی کرێکارانی کوردستان PKK کراوەتە ئامانج، لەژێر بواری سەربازییو ئاسایشییو گۆڕینەوەی زانیاریدا، بەتایبەت لەبرگەی ئامانجەکاندا هاتووە:" ئامانج لەم رێکەوتننامەیە بەدیهێنانی هاریکارییە لەگۆڕەپانی سەربازیی لەنێوان هەردوو ولات ".[1] لەشوێنێکی تردا باس لەبەدەستهێنانی هاریکاریی دەکات لەسەر ئاستە جیاوازەکان، بەپشتبەستن بەئالوگۆڕی لەبوارەکانی شارەزایی تاکەکەس. هەروەك ئاماژەش کراوە بۆ هاریکاریی لەنێوان کۆمپانیاکانی فیلمو وێنە فۆتۆگرافییە سەربازییەکان.[2] لێرەدا تبینی ئەوە دەکەین، کە یەکێك لەشێوازەکانی هاوکاریکردنی ئیسرائیل بۆ تورکیا پێدانی وێنەی مانگە دەستکردەکان بوو تایبەت بەپێگەو بنکەو بارەگاکانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو خاکی سووریاو لەنێوچە سنوورییەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا. جگە لەبەئامانج گرتنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێوەندییو رێکەوتننامەکانی تورکیاو ئیسرائیل، هاوکات سوریا بووە یەکێك لەئامانجەکانی دیکەی نێو ئەو رێکەوتننامەو پێوەندییانە، بەتایبەت لەوێشەوە دیسان بۆ گوشار خستنەسەر PKK؛[3] چونکە سوریا کۆمەکی ئەو پارتەی دەکردو دالدەی دابوونو لەکاتی ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی دژی تورکیا لەسەر سنوورە هاوبەشەکانی چاوپۆشیی لێدەکردن. تەنانەت سەرچاوە تورکییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەگوشار خستنە سەر سوریا لەلایەن تورکیاوە لەسەر راسپاردەو ئامۆژگاریی ئیسرائیل بووە، بەجۆرێك لەکاتی سەردانی مەسعود یەڵمازی سەرۆك وەزیران بۆ تەلئەبیب بەتورکیایان راگەیاندووە، کە باشترین دەرفەتی گونجاوە لەهەر کاتێکیتر، کە هەڕەشە لەسوریا بکات بۆئەوەی سازش بکات لەکۆمەکی تێرۆری کوردیی. لەئایاری 0887 سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتەنیاهۆ بڕیاری هاریکاریی تورکیای دا بێ دوو دڵی لەجەنگو ململانێی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، تەنانەت تاکۆتاییو تا قۆڵبەستکردنی ئۆجەلان لەنایرۆبی پایتەختی کینیا لەشوباتی 0888، هاوکاریی ئیسرائیل بۆ تورکیا بەردەوام بوو، بەشێوەیەك پەیگیریی جموجوڵەکانی نێوبراوی دەکرد.[4]

هەربۆیە لەرێکەوتننامەی ئەدەنە،لە03ی تشرینی یەکەمی 0889 سوریا بەڵێنی داخستنی سەربازگەکانی PKK ی بەتورکیا دا لەدۆڵی بیقاعو رێگەنەدان بەو پارتە کە خاکی وڵاتەکەی بکرێتە بنکەی هێرشکردن لەرێگەی سنوورەکانییەوە بۆ نێوخۆی تورکیاو دەرکردنی سەرکردەکانی PKK لەسەر خاکی وڵاتەکەیو دەستگیرکردنی ژمارەیەك چالاکی کورد.[5] هەروەها باس لەوە دەکرێت، کە تورکیا رێگەی بەپاکتاویی کێشەی فەلەستینو پرۆژەی نەتەوایەتی عەرەب لەلایەن ئیسرائیلەوە داوە، لەبەرامبەریشدا ئیسرائیل لەشەڕی تورکیا دژی PKK هاوکاری بکات، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو پاکتاویی بزاڤی نیشتیمانییو دیموکراتیی لەنێو تورکیاشدا.[6]

---

[1] بروانە دەقی رێکەوتننامەی هاریکاریی سەربازیی تورکیی– ئیسرائیلیی، بەڵگەنامەی ژ(0)، لەپاشکۆکان.

[2] هـ.س.

[3] عبدالله اوجلان: مسيرة روما، ط0، 3113، منشورات، صوت كردستان، السلسة العربية(1)، ص033.

[4] د.خليل على مراد: العلاقات السورية– التركية فى ضوء ازمة اوجلان تشرين الاول 0889، مج(اوراق تركية معاصرة)، ع(09)، ربيع 3110، جامعة الموصل.ص77.

[5] ن.م، ص90.

[6] نبيل الملحم: سەرۆكو گەل، حەوت رۆژ لەگەڵ ئاپۆدا، ئامادەکردنو وەرگێڕانی(رۆژنامەی ولات)، تشرینی دووەمی 0888، ل79، واديب صالح اللهيبى: التحالف، م.س، ص2.

لەبەرئەوەی ئیسرائیل روبەڕووی چالاکیی بزوتنەوەی حەماسو جیهادی ئیسلامیی فەلەستینو حزبوڵای لوبنان ببۆوەو تورکیاش لەساڵی 0899 ەوە بەرەنگاری پارتی کرێکاران ببۆوەو لەجەنگدا بوو لەگەڵی.[1] چونکە یەکێك لەشێوازەکانی مامەڵەکرنی تورکیاو ئیسرائیل پێکەوە بەرامبەر نەیارە سیاسییەکانیان بریتیی بوو لەتۆمەتبارکردنیان بەمەسەلەی تیرۆر، بەجۆرێ خەباتو بەرخودانی PKK لەپێناوی مافو داواکاریی میللەتێكو تێکۆشانو بەرەنگاریی فەلەستینییەکانیش بەکاری تیرۆریستیی وێنایان دەکرد.[2] تەنانەت کاتێك حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوە لەرۆژی(0882/00/09) سەردانی ئیسرائیلی کردو لەوێ چەند رێکەوتننامەیەکی ئیمزاکرد، رایگەیاند:"هاریکاریی لەگەڵ ئیسرائیل مەودایەکی دوورتری هەیە، کەپێشبینی دامەزراندنی سیستمێکی نوێی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لێدەکرێت، بەشێوەیەك تورکیا یان ئیسرائیل رێگەنادەن هیچ کارێکی تیرۆریستیی یان نێوچەیەك بۆراهێنانو جموجوڵی تیرۆریستیی ببێتە بەربەست".[3] لێرەدا مەبەست سوریاو PKK و رێکخراوە فەلەستینییەکان بوو. هەروەها بەگوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگەی واشینتۆن بۆ سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە لەتەمموزی 0887 بڵاوکراوەتەوە، ئەوە هاتووە، کە سەرباری نهێنیی نێوەڕۆکی رێکەوتننامەی بەرگریی نێوان تورکیاو ئیسرائیل، بەڵام پرۆتۆکۆڵەکانی دەربارەی هاریکاریی بووە لەبواری لەنێوبردنی تیرۆرو ئاسایشیی سنوورو سیخوڕیی. بەپێی زانیارییەکان لەماوەی چەند ساڵێکەوە ئیسرائیلیو تورکەکان زانیاری سیخوڕییان ئاڵوگۆڕ کردووەو بەدیاریکراوی ئیسرائیل یارمەتی تورکیای داوە لەدابینکردنی ئاسایشیی سنوورەکانی دژی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK. هەروەك هەستاوە بەدانانی راداری شەوانە لەسەر فڕۆکەی ستوونیی جۆری (کوبرا)، کەسوپای تورکیا لەدژی چەکدارانی پارتی نێوبراو بەکاریهێناوە.[4] لەو پێوەندییەشدا، کەPKK کرابووە ئامانج، ئیسرائیل یارمەتی تورکیای دەدا لەڕووی:

0. پێدانی زانیارییو ئاشکراکردنی بنکەو بارەگاکانی PKK لەنێو خاکی سوریا لەدەشتی بیقاعی لوبنان. ئەوەش لەسەردانی فەرماندەی چەکی هەوایی ئیسرائیل بۆتورکیا لەسەرەتای مانگی(0882/9)، کەلەمیانەیدا چاوی کەوتبوو بەوەزیری بەرگریی تورکیاو(دۆگان گوریش)ی هاوتا سەربازییەکەیو ئامانج لێی هاریکاریی هاوبەش بوو دژی PKK.[5]
3. پێدانی زانیارییو نهێنیی مانگە دەستکردەکانو ئامێری گوێهەڵخستنو سیخوڕیی ئەلیکترۆنی، کە لەباشووری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵو باکووری عێراق هەبوو. ئەمەش لەنێو رێکەوتننامەی چوارەمی نێوانیان هاتبوو، کە لەمانگی نیسانی 0887 ئیمزا کرابوو.[6]
2. سوودمەندکردنی تورکیا لەشارەزایی لەروبەڕووبوونەوەی تیرۆردا، ئەوەش لەتشرینی دووەمی 0889، کاتێ تانسۆ چیللەری سەرۆکی حکومەت بەسەردانێك گەیشتە تەلئەبیبو ئیمزای لەسەر چەند رێکەوتننامەیەکی هاریکاریی بۆ لەنێوبردنی تیرۆر کرد.[7]
9. بەشداریکردنو کارئاسانیی لەهەندێ پرۆسەی سەربازیی تورکیا دژی PKK وەك بەرپاکردنو دامەزراندنی نێوچەی ئاسایشیی( Security Zone ) تورکی لەباکووری عێراق بەئاشکرا لەمانگی(0887/01) لەسەر شێوەی پشتێنەی ئاسایشیی ئیسرائیلیی، رۆژنامەی(پۆستەی باشوور)، کە لەئەورووپا دەردەچوو لەرۆژی(0887/00/09) باس لەوە

---

[1] د.عونی عبدالرحمن السبعاوي: ترکیا وکیان الصهیونی، میادین الشراکة الاستراتیجیة، م.س، ص011.

[2] عبدالصمد ناجی ملا یاس: مستقبل العلاقة الترکیة– الاسرائیلیة فی ضوء مشروع الشرق اوسطیة، مجلةجامعة تکریت للعلوم القانونیة والسیاسیة، ع(3)، سنة0، ص287، و د.ولید رضوان: العلاقات، م.س، ص383.

[3] یوسف ابراهیم الجهمانی: ترکیا واسرائیل، ط0، دار حوران للطباعة والنشر والتوزیع، دمشق، 0888، ص90، و د.ابراهیم الداقوقی: صورة الاتراك لدی العرب، ط0، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت، 3110، ص299.

[4] د.عونی عبدالرحمن السبعاوي: ترکیا وکیان الصهیونی، میادین الشراکة الاستراتیجیة، ص011.

[5] د.محمد نورالدین: ترکیا فی زمن المتحول، ص399. 329.

[6] د.عماد الضمیري: ترکیا، م.س، ص033.

[7] د.ولید رضوان: العلاقات، م.س، ص391.

دەكات، سەربازانی ئیسرائیل لەهەردوو پرۆسەی(فولاز 0881و 0887)ی تورکی لەباکووری عێراق بەشداربوون، لەوانە(11) ئەفسەر لەپرۆسەی یەکەم بەمەبەستی گواستنەوەی شارەزایی ئیسرائیلی لەدامەزراندنی نێوچەیەکی دابڕاو لەباکووری عێراق هاوشێوەی نێوچەی دابڕاوی باشووری لوبنان.[1]

دوابەدوای وەدەرنانی ئۆجەلانیش لەسوریا، پلانە نێونەتەوەییەکان چڕتر بوونەوەو هەریەك لەئیسرائیلو تورکیا، کەمەندکێشی وڵاتانی تریان کرد بۆ بندەستکردنی تەڤگەریی نەتەوەیی کورد لەباکوور. وەختێك ئۆجەلان بۆ ماوەی 22 رۆژ لەرووسیا مایەوە، لەو وەختەدا سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئارێل شارۆنو سەرۆك وەزیرانی رووسیا بریماکۆڤ، هاوتا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مادلین ئۆڵبرایت، بەهەماهەنگی لەگەڵ مەسعود یەڵمازی سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەسەر پرۆژەی دە ملیار دۆلارەکەی سندوقی قەرزی نێودەوڵەتی دراو رێککەوتن. ئەوەی پەیوەندی بەبەرژەوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلەوە هەبوو لەزەمینەسازیی بۆ ئەو رێککەوتنە دەرکردنی ئۆجەلان بوو لەرووسیا.[2]

---

[1] وەرگیراوە لە: د.عماد الضمیري: ترکیا، م.س، ص032، د.عوني عبدالرحمن السبعاوي: ترکیا وکیان الصهیوني، ص011.

[2] کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان: پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان، چ0، چاپخانەی رەنج، 3109، ل91.

## بەشی دووەم

## فاکتەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەهەلومەرجی دژواریی و دۆستایەتی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا

### باسی یەکەم– پێوەندی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەگەڵ دەوڵەتو بزووتنەوە رزگاریخوازو چەپەکانی نەیاری ئیسرائیلدا

ئیسرائیل سیاسەتی خۆی لەو وڵاتانەوە هەڵهێنجاوە، کە لەحەفتاکانەوە لەگەڵیاندا دراوسێیەو نزیکن لێیەوە. ئەم سیاسەتە ئیسرائیلی تێوەگلاندووە لەچێکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەو کەمایەتییانەی، کە وڵاتانی هەرێمی دەیانەوێت پەراوێزیان بخەن.[1] ئەوەی، کە دەوترێت لەسەر پێوەندی ئیسرائیل بەپارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراق، دروست پێچەوانەی ئەو نیازەیە، کە ئیسرائیل لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا هەیەتی. ئەوەی لەگەڵ پەکەکەدا دەگوزەرێت ئەوەیە، کە دەڵێت:" هاورێی دوژمنەکەم دوژمنمە ". دۆستانی پەکەکە بریتین لەسوریاو گروپە فەلەستینییە رادیکاڵەکان، کە زەمەنێکە لەژێر تینو تاوو چاودێریی سوریادا زیندو ڕاگیراون، هاوکات دۆستی ئیسرائیلیش لەم میانەدا بریتییە لەتورکیا. بەمشێوەیە پێوەندییەکان لەنێوان ئیسرائیلو رێبەرایەتی کوردی تورکیادا ئێجگار ئاڵۆزو دژوار نومایان دەبن.[2]

پەکەکە لەسیاسەتیدا پارتێکی مارکسیی و لینینییە.[3] ئایدیۆلۆژیای پارتەکە مایەی سەرنجدانی وڵاتانی نێوچەکەو بزووتنەوە بەرهەڵستکارو رزگاریخوازەکان بوو، چونکە مانیفێستی پەکەکە بەنێوی (ڕێگەی شۆڕشی کوردستان) بریتی بوو لەفەلسەفەو بەرنامەی رامیارییان، ئەم نوسراوەی ئۆجەلان لەنێوەڕۆکەکەیدا شوێنی کورد لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیاریدەکاتو پێیوایە نەخشەی رامیاریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئیمپریالیزم دایناوە. بەم پێیە بەرنامەی پەکەکە بەرنامەیەك بوو بۆ رابوونی شۆڕشێکی دیموکراسیی و نەتەوەیی. لەم بەرنامەدا پاڵەو جوتیارو وردە بۆرجواو لاوانی شۆڕشگێڕو هەموو چین و توێژەکان دەبوو لەسەنگەرێکدا خەبات بکەن. هەربۆیە ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ کرانەوە بەڕووی بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی تردا، چونکە لەو پێڕەوەدا سنورێکی تەسکی نەتەوەیی نەکێشرا بوو.[4] ئەم مەترسییەش لەدەربازبوونی ئۆجەلان بۆ سوریا هاتەگۆڕێ،[5] چونکە سوریا ببووە بنکەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی دژ بەئیمپریالیزم، ئیدی زەمینە بۆ

---

[1] Gallia Lindenstrauss and Oded Eran: The Kurdish Awakening and the Implications for Israel, http://www.inss.org.il/index.aspx?id=4538&articleid=6966.

[2] Ofra Bengio: Surprising Ties between Israel and the Kurds, Middle East Quarterly, SUMMER 2014 , VOLUME 21: NUMBER 3, P 6.

[3] عبدالله اوج الان : مختارات (2)، من منشورات حزب العمال الكردستانى، ص389; Edgar Ó Balance : The Kurdish/ straggle 1920-1994 ,bogazici university tibrarg ,NewYork ,1996 ,p148.

[4] عبدالله اوج الان: قضية التحرر الوطنى الكردستانى وطريق الحل، من منشورات حزب العمال الكردستاني،1982، ص136.

[5] حەسەن جودی: مێژوویێك لەئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانە لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، بڵاوکراوەکانی پ.چ.د.ك، 2008، ل222–223.

پێوەندی پەکەکە لەگەڵ بزووتنەوە نەیارەکانی ئیمپریالیزمدا دروستبوو.[1] بەڵگەنامەکانی CIA لەئەنکەرە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئاپۆچییەکان لەهەر شوێنێك هەبن، ئەوانی دی خۆ ڕاناگرن، هەربۆیە پێویستە ئەو هێزە بوەستێنرێت، ئەگەرنا نەك مەترسی بۆ تورکیا، بەڵکو مەترسین بۆ بەرژەوەندیی ئەمەریکاش، لەبەرئەوە بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئەو دەزگە هەواڵگیرییە، ئەمەریکا ئەم پێشنیازەی داوەتە بەرپرسانی ڕژێمی تورکیا تا پڕوپاگەندەکردن دژی ئۆجەلان برەو پێبدەن، چونکە شوێنکەوتووانی وەك قارەمانێك سەیری دەکەن.[2] زەمینەی پێوەندیکردن لەگەڵ نەیارانی ئیسرائیل بۆ پەکەکە دروستبوو، ئەمەش بۆ ئیسرائیلو ئەمەریکا مایەی نیگەرانی بوو، چونکە پەکەکە بەتەواوی سەنگەرێکی دژ بەئیسرائیلو خۆرئاوای دیاریکردو نزیك لەجەمسەری ڕۆژهەڵات بوو. بەپێچەوانەی پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان، کە ئەزمونێکیان لەگەڵ ئیسرائیلو خۆرئاوادا هەبوو. لەراستیدا ئەم رەچاوکردنە بۆتە مایەی بایەخی وردو پێشکەوتنی ئەجێندای سیاسیی لەرامیاری ئیسرائیلدا، چونکە لەنێوەڕاستی شەستەکانەوە قۆناغێکی نوێ لەپێوەندییەکانی کوردو ئیسرائیل دەستپێیکرد بوو. وەك دژایەتییەکانی کورد بۆ حکومەتی نێوەندی ئێراق لەشارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، دواجار ئەم رەوشە ملی کێشا بۆ خەباتی گەریلایی بەشێوەیەکی ئاشکرا دژ بەدەسەڵاتدارێتی بەغدادو هاوکات ئاڵۆزییەکان بەرۆکی وڵاتانی دراوسێ وەك تورکیا، سوریا، ئێرانیشی گرتەوە.[3] ئیدی ئەم جۆری پێوەندییەی پەکەکە بۆ ئیسرائیل شتێکی نامۆ بوو، لەبەرئەوە تا ئەوکات هەمیشە سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەتی عیبریی لەنێوچەکەدا بارستاییەکی سەرەکی ستراتیژی لاوەکیی لەخۆدا بینیوەتەوە، کە مکوڕ بووە لەسەر پشتیوانیو هاوکاری گەلو هۆزی نا عەرەب لەنێوچەکەدا.[4] لەبەرئەوە لەم سۆنگەیەوە کورد لەنێو تورکیاو ئێرانو دووان لەدوژمنە سەرسەختو ترسناکەکانی ئیسرائیل، کە سوریاو ئێراق بوو دابەشببوون، بۆیە بۆ کورد بایەخێکی تایبەتو گرنگ بۆ هەموو ئەو ئەجێنداو پلانانەی ئیسرائیل ئامادەکرا بوو.[5] هاوکات تا ئەوکات دۆستایەتی کورد لەگەڵ نەیارانی ئیسرائیل ئاشکرا نەبوو بوو، چونکە ئیسرائیل ئەزموونێکی پشتیوانی لەگەڵ کوردانی باشووری کوردستان، بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو. هەروەها سوریاش ببووە پێگەیەك بۆ ئەو نەیارە کوردانەی، کە ببوونە دۆستی نەیارەکانی ئیسرائیل، چونکە پێشتر بەدەر لەلایەنی سەربازیش لەکۆتایی شەستەکاندا دەزگای هەواڵگری پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکۆمەکی مۆساد دامەزرا. بەمجۆرە ئۆپەراسیۆنەکان لەلایەن ئاژانسی هەواڵگیری ئیسرائیلییەوە لەباشووری کوردستاندا بەڕێوە دەچوون.

لەراستیدا ئەو هەوڵانە بایەخێکی ئێجگار تایبەتییان بۆ ئیسرائیل هەبوو، لەبەرئەوەی کوردانی باشووری کوردستان نەتەنها لەلایەن سوپای ئێراقەوە خرابوونە ژێر زەبرو زەنگو زرێپۆشەکانەوە، بەڵکو لەلایەن سوپای سوریاشەوە فشاریان

---

[1] کمال شاهين : مسيرة اكراد سوريا ال 24 عاما مع حزب العمال الكردستاني، ص16.

[2] سلسلة وثائق وكر الجاسوسية: تدخلات امريكا في البلدان الاسلامية : تركيا، من منشورات الوكالة العالمية، ط1، بيروت، 1991، ل140.

[3] Sergey Minasian: THE ISRAELI-KURDISH RELATIONS, 21-st CENTURY , № 1, 2007, p33/http://www.noravank.am/upload/pdf/256_en.pdf. p34.

[4] Nachmani A. Israel, Turkey and Greece: Uneasy Relations in the East Mediterranean. .London, 1987, p15

[5] Sergey Minasian: op,cit,p35 .

خرابووه سەر.[1] چاودێران پێیانوایە ڕۆیشتنی ئۆجەلان لەکۆتایی حەفتاکان بۆ سوریا پێوەندیی بەپێوەندیکردن بەجووڵانەوەی رزگاریخوازی فەلەستینییەکانەوەو بەکەڵك وەرگرتن لەئاڵۆزیی نێوان تورکیا و سوریاوە گرێدرا بوو.[2] هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە سۆڤییەت هاریکاریی مادی پەکەکەی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت پێوەندی لەگەڵ گروپە فەلەستینییە چەپەکان لە(دۆڵی بیقاع)[3] چێبکات.[4] هاوکات ڕۆژنامەگەریی تورکیاش هەمیشە سۆڤێتی بەفاکتەری هاندانی کورد دەزانی لەئاڵۆزییەکانی نێوخۆی تورکیادا.[5] ئۆجەلان لەسوریا مژوڵی پێکهێنانی پشتگیریی بۆ پەکەکە بوو، هەربۆیە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی خۆی دەخاتەگەڕو پێوەندی لەگەڵ بزاڤە هەرێمییەکان لەدیمەشقو بەیروت ڕێکدەخات، سەرەتا پێوەندی لەگەڵ سەرکردایەتی ی.ن.ك و جەلال تاڵەبانیدا دەمەزرێنێت،[6] تەنانەت کاتێك گەیشتە بەیروت لەڕێگەی عادل مورادەوە توانی بەرهەڵستکارە فەلەستینییەکان بناسێتو لەسەر داوای خۆی، پێوەندی کرد بەبەرەی دیموکراتی بۆ ڕزگارکردنی فەلەستینیی بەرێبەرایەتی (نایف حواتمە)* و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی فەلەستینی (حركە فتح) بەرێبەرایەتی یاسر عەرەفاتو بەرەی گەل بۆ رزگاریی فەلەستین بەرێبەرایەتی (ئەحمەد جبریل)** و بەرەی تێکۆشانی گەلی فەلەستین بەرێبەرایەتی (د.سمیر غوشە)***.[7] هاوکات توانی بڕوایان پێبهێنێت، کە جووڵانەوەی باکووری کوردستان وەك شۆڕشی ئەیلول وابەستەی ئەمەریکاو ئیسرائیلو شای ئێران نییە.[8]

---

1 Sergey Minasian : Ibid, p38.

2 حەسەن جودی: مێژوویێك لەئاگر، ل256.

3 دۆڵی بیقاع دەکەوێتە خاکی لوبنان وەلێ لەبن دەستی سوریا دا بوو، لەوێ تەمامی گروپە فەلەستینییەکانی لێ بوو، بارەگای پ.ك.كو بنکەی مەعسوم قۆرقمازیش تا 1992 لەوێ بوو.(مایکڵ گانتەر: فەرهەنگی کوردی، و.مامکاك، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،2007).

4 Martin van Bruinssen: Kurtluk, turkluk,Alevilik, Etnik Ve Dinsel kimlik mucadelderi, civiren,Hakan yardakul,Baski 5 ,Iletisim yayinlari,Istanbul,2004.,S.351.

5 ولید رضوان : ترکیا بین العلمانیة والاسلام، ص181.

6 Michail M.Gunter: The Kurds and The Future of Turkey.Sr.martins Press.New york.1997.p.26-27. 27.

* نایف حەواتمە لەساڵی 1935 لە سلت لە ڕۆژهەڵاتی ئەردەن لە دایکبووە. سیاسیەکی فەلەستینیو ئەمینداری گشتی بەرەی دیموکراتی بۆ رزگارکردنی فەلەستین بوو، کەساڵی 1969 دامەزراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە http://www.ahewar.org/m.asp?i=208.

** ئەحمەد جبریل: ساڵی 1938 لەدایکبووە، بە ئەبو جیهاد ناسراوە، ناوبراو کەسایەتییەکی سەربازییو سیاسی فەلەستینییەو هەڵگری ڕەگەزنامەی سورییە. ساڵی 1965 بەرەی رزگاریخوازی فەلەستینی دامەزراندووە. ساڵی 1968 لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییەکانی عەرەبدا بەسەرۆکایەتی جۆرج حەبەشو (ابگال عودە) بەسەرۆکایەتی وەدیع حەداد لەژێر ناوێکی یەکگرتوودا بەناوی بەرەی گەل بۆ رزگارکردنی فەلەستین یەکیان گرت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە http://articles.islamweb.net/media/index.php?page=article&lang=A&id=15636.

*** دکتۆر سمیر غوشە: ساڵی 1935 لە دایکبووەو 2009 کۆچی دوایی کردووە. ناوبراو سیاسییەکی فەلەستینیی بووە. سکرتێری گشتی بەرەی خەباتی گەلی فەلەستین بوو لەشەستەکانداو چووە ناو بەرەی نەتەوەییەکانی عەرەبەوە. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە http://www.nedalshabi.com/?page_id=2846.

7 وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ توێژەر لە(2009/10/10 ).

8 اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية: حول امريكا والغرب والقضية الكردية فى العراق وايران و تركيا، ب.م،1991، ل70" Michael M.Gunter: op,cit,p.27-28.

ئۆجەلان زۆر بەجدی بەرنامەی بۆ تێکەڵبوون بەنەیارەکانی ئیسرائیل دارِشتبوو، بەجۆرێك تێکرِای بەرپرسە فەلەستینییەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئۆجەلانەوە. ئەوان دەیانووت ئێمە زۆرێك لەرێبەرە کوردو تورکەکانمان بینی بوو، بەڵام هیچ کام لەوان وادیار نەبوو جێی متمانەو باوەرِپێکراو بن. بەڵام ئەم پیاوە ئێجگار گەرمو گورِو جدییەو نە یارمەتی دارایی دەیەوێت، نە هاوکاری سەربازیی، تەنها دەیەوێت خۆبەخشەکانی رابهێنرێنو ئامادەبکرێن بۆ داهاتوو. بەرەی دیموکراتیی لەسەرەتاوە رەزامەندی نیشاندا، کە ژمارەیەکی کەم لەئەندامانی پەکەکە بگرێتەخۆ، بەڵکو بتوانێت لەسەر شێوازەکانی جەنگی گەریلایی رایانبهێنێت. لەراستیدا ئۆفەرێکی لەم جۆرە بۆ گەریلاکانی پەکەکە شتێکی هەوانتەو نائاسایی نەبوو، بەڵکو فەلەستینییەکانیش بەرژەوەندییان هەبوو. لەمبارەیەوە مەمدوح نوفل* دەڵێت:"مادام بۆ خۆمان مارکسیو لینینی بووین، هەموو گروپە مارکسیو لینینییەکان لەلامان پەسەند بوون". ناوبراو لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێت:"ئێمە شۆرِشگێرِ بووین، هەربۆیە پشتیوانی بزووتنەوە شۆرشگێرِییەکانیش بووین". لەراستیدا دەکرا چەندین هۆکاری روون چنگ بخەین، کە لەپشت هاریکاریی بەرەی دیموکراتی فەلەستینییەوە بوون، بۆ کۆمەكو پشتیوانییەکانی، چونکە داڵدەدانی گروپە چەپخوازەکانی تر بۆ ئەوە بوو تا هاریکاریی فەلەستینییەکان بکەن، تا لەکاتی زێدەبوونی تەنگژەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بیانخەنە مەتەرێزی نەیارەکەیانەوە.[1] هاوکات گروپە فەلەستینییەکانیش، کە دەستگرۆیی کوردەکانیان دەکرد، هەمیشە بەرژەوەندیی سوریایان لەپێشچاو دەگرتو بەوردی سەرنجیان دەدایە ئەو مەسەلەیە. سوریاش پشتیوانێکی گرنگ بوو بۆ فەلەستینییەکان، بەتایبەتی لەو جەنگەی، کە ئیسرائیل بۆی تواندبوونەوە.[2] لەبەرئەوە ئەو گروپانە بەگلۆپی سەوزی سوریا ئەو هەماهەنگییەیان کردبوو، چونکە ئۆجەلان پێوەندی لەگەڵ سوریاشدا دروستکردبوو، سەرەتا (کەمال ئەسەد)ی برای (حافز ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا، کە بەرپرس بوو لەپێوەندیی وڵاتەکەی لەگەڵ کورد، پێوەندی لەگەڵ (ئۆجەلان) دامەزراند، هەروەها (رەفعەت ئەسەد) گرنگی زۆریدا بەزیندوو راگرتنی پەکەکەو شوێنی ئاسایشی بۆ فەراهەمکردنو برِیاریکردنەوەی بنکەی راهێنانی بۆ کادیرانی پەکەکە وەرگرت. لەراستیدا ئۆجەلان زیاتر لەهەوڵی پێوەندیو هاریکاریی ستراتیژی سوریادا بوو، نەك پێوەندیی پارتە کوردییەکانی سوریا. لەمبارەیەوە جەمیل بایك دەڵێت:" پ.ك.ك هاریکاریی مەزن لەلایەن کوردی سوریاو لوبنانەوە نەکرا". بەمجۆرە ئۆجەلان توانی تۆرِێکی پێوەندیی دروست بکات، کە بەهاریکاریی سوریا گرەنتی زیندوو مانەوەی رێکخستنەکانی بکەن لەلوبناندا.[3] بەکورتی دەتوانین بڵێین پەکەکە لە(دۆڵی بیقاع)ی لوبنان توانی بنکەیەکی رِاهێنان دروست بکاتو دابەشبوون بۆ 5 گروپ لەنێو ئەوانەدا (نایف حواتمە) هاریکاری مەزنی دەکردن، کە نەیاریی سەرسەختی ئیسرائیل بوو.[4] لەپاش کۆدەتای 1980 هەموو رێکخستنێکی کوردی لەرِووی بەرنامەو چالاکییەوە لایەنگری بەرەی سۆسیالیستیو رۆژهەڵاتو دژی ئیمپریالیزمو ئەمەریکا بوون.[5] پەکەکە

---

* مەمدوح نوفل: سەرکردەیەکی سەربازی پێشووی بەرەی دیموکراتی بوو، ئەم بەرەیە گەورەترین رەوتی نێو رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینیی بوو.

1 Aliza Marcus: Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence, NYU Press, Aug 1, 2007,p.188

2 Aliza Marcus: Ibid, p190.

3 حەسەن جودی: مێژوویێك، س، پ، ل267.

4 چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە،15ـ2ـ2009.(خەلیل ئاتاج ناسراو بە ئەبوبەکر ساڵی 1958 لەئورفە لەدایك بووە، دامەزرێنەرانی بەراییو بەرپرسی یەکەمی پ.ك.ك بووە لەئورفەو حەلوان دا).

5 چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/19).

پەكەكە دەیزانی رێكخراوی رزگاریخوازی فلەستینی لەپێناو سوریا بەتەنگ پەكەكەوەیە، نەك لەبەر نەیارێتی ئەوان بۆ توركیا. چونكە فەلەستینییەكان نەیاری ستراتیژیی‌و راستەوخۆی توركیا نەبوون، هاوكات خەباتی فەلەستینییەكان لەلایەن توركیاوە بەفەرمی ناسرابوو. توركیا لەساڵی 1975 دانی نابوو بەرێكخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی وەك تەنها نوێنەری گەلی فەلەستین، هاوكات رێگەی پێدابوون بەفەرمی لەتوركیادا نوسینگەیان بكەنەوە، تەنانەت لەساڵی 1988دا دانی نابوو بەراگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینیی.[1] لەبەرئەوە توركیا بەهۆی هاوكێشەی بوونی پەكەكەوە زۆر جار لەئاستی رەوتە فەلەستینییەكاندا پشتیوانی لەئیسرائیل كردووە، بەتایبەت پاشئەوەی ئیسرائیل بۆ توركیای سەلماند، كە ئەو رەوتانە هەماهەنگیی لەگەڵ پەكەكەدا دەكەن. ئیدی هیچ سەغڵەت نەبوو بەوەی، كە ساڵی 1982 هێرشی بكاتە سەر باشووری لوبنان.[2] فەڵەستینییەكانیش بۆخۆیان دەیانزانی، كە توركیا پشتیوانێكی ستراتیژییە لەگەڵ ئیسرائیل‌و ئەو پێوەندییانەی هەرگیز ناكاتە قوربانی فەلەستینییەكان.[3] هەربۆیە نەوەدەكانی سەدەی رابردوو باشترین جۆری پێوەندیی لەنێوان توركیاو ئیسرائیلدا فەراهەم هات‌و گەیشتە لوتكە بەتایبەتی پاش واژۆكردنی رێككەوتنی هەماهەنگی‌و ستراتیژیی ئاسایشیی لەنێوان هەردوولادا لە1996 دا، كە رەخنەو گازەندەی زۆری وڵاتانی عەرەبی لێكەوتەوە.[4] هاوكات پەكەكە هیچ دردۆنگ نەبوو لەوەدا، كە ئەو بزووتنەوانە نەیاری ئیسرائیلن‌و بەشێوەیەكی مەبدەئیش دژی ئیسرائیل بوون. چونكە سەبارەت بەكورد لەتوركیا بەگوێرەی شاهێدی دانی یعازر تسافیر، هەرگیز ئیسرائیل هاریكاری كوردی نەكردووە لەتێكۆشانەكەیاندا دژ بەتوركیا یاخود قەت نەیپەرژاوەتە سەر هاریكاریكردنی كورد لەئێران تا كاتێك لەسایەو قەڵەمڕەوی رژێمی شادا بوون.[5] بەمجۆرە لەپاش كۆدەتای 1980 پەكەكە بەدروستكردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی نەیاری توركیا، بەتایبەت سوریا رێكخستنەكانی خۆی تۆكمە كردو لەنەزمی گەریلاییدا خۆی راهێنا، لەكاتێكدا هیچ گروپێكی بەرهەڵستكاری توركیا بەو جۆرە پشتیوانی نەدەكرا، كە بەئاشكرا لەدیمەشق‌و لوبناندا چەكدارەكانی مەشقیان پێبكرێت.[6] بەڵام ئۆجەلان زەمینەی لەبەردەمدا لەبەردەمدا پاك كرابوو تا چەك‌و تەقەمەنی‌و پارەو دارایی بۆ پارتەكەی مسۆگەر بكات.[7] بەتەنگهاتنی پەكەكە بەشێوەیەك بوو، كە پارتە كوردییەكانیش تانەو تەشەریان لەپ.ك.ك دەگرت، گوایا لەگەڵ داگیركارێكی كوردستان مژوڵی خۆسازدانە بۆ خەبات. لەكاردانەوەی هەموو ئەو تۆمەتانەدا ئۆجەلان پێی وابوو رێكەوتنیان لەگەڵ سوریا پەیمانێكی تاكتیكییەو پێویستە سوود لەدوژمن وەربگرن.[8] ئۆجەلان دەیووت:"لەدەرەوە خۆمان ئامادەكرد بۆ دەسپێكی چەكداری لەبۆتان دا". بۆ ئەم

---

[1] رجب الباسل : دور تركيا في القضية الفلسطينية/ http://www.alzaytouna.net/permalink/5632.html

[2] أيمن إبراهيم الدسوقي : السلوك التركي تجاه القضايا العربية 1990–1997 ، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، 1992، ص45.

[3] رجب الباسل: دور تركيا، م.س.

[4] ن.م.

[5] Barron A. US and Israeli Jews Express Support for Kurdish Refugees // Washington Report of Middle East Affairs, May-June 1991, p.64 .

[6] Edgar Oballance :op:cit,p.147.

[7] كريس كۆچێرا : بزووتنەوەی نەتەوەیی كوردو هیوای سەربەخۆیی، وەرگێرانی: ئەكرەمی مهرداد، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، 2002، ب2، ب2، ل171،161.

[8] عبدالله اوجلان : قوموا بتحضير أنفسكم حتى الموت لأجل النصر، من منشورات المدرسة المركزية للحزب،1992، ل101.

مەبەستەش یەکەم کۆنفرانسیان لە1981 دا لەکەمپی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینیی گرێدا. ئامانجی ئەم کۆنفرانسە کردنەوەی کەناڵێك بوو بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە بۆ باکووری کوردستانو لەبۆتانەوە خەباتی گەریلایی دەستپێ بکەن.[1] بۆ ئەم مەبەستە ڕێکخراوی فەتحی فەلەستینیی یاریدەی پەکەکەی دا تا پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ نەیارانی تورکیادا فراوان بکات. پێشترو لە1980 لەبەیروت(ئەبولهول) سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری ڕێکخراوی فەتح دیدارێکی فەرمی بۆ ئۆجەلان بەیاوەری خەلیل ئاتاج لەگەڵ (هاکوپ هاکوپیان)ی سەرۆکی(ئەسالا) ڕێکخست، لەو دیدارەدا بڕیار لەسەر پێشخستنی پێوەندییەکانیان دەدەن.[2] لەم ڕەوشەدا ئیسرائیل بەگۆشەگیریی لەنێوەندی وڵاتانی دوژمنە عەرەبەکانیدا مایەوە، بەڵام ئەم گۆشەگیرییە لەکۆتاییدا نەیتوانی نەتەوەو کەمینە ئاینییەکان لەپشتیوانیی دوورەپەرێز رابگرێت.[3] ئیسرائیل وابەستەبوونی پەکەکەی لەگەڵ سوریاو بزووتنەوە نەیارەکانی، کردە هۆکارێك تا لەگەڵ تورکیادا دوژمنانی خۆیان بخەنە یەك مەتەرێزەوەو هەماهەنگی یەکتری بکەن. هەرچەند پەکەکە هێندە بەهێز نەبوو، هاوکات ئەوەیان نومایانکرد، کە ئەوان نایانەوێت لەجەنگی ئیسرائیلدا تێوە بگلێن.[4]

هەڵوێستی ئیسرائیل بەشێوەیەکی گشتی بەند بوو بەئاستی پێوەندییەکانییەوە لەهەماهەنگی وڵاتەکەی لەگەڵ تورکیا، بەڵام لەمانگی 5 ی 1997دا سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بینیامین ناتانیاهۆ وتی:"هەڕەشەی تێرۆریزم تورکیاو ئیسرائیل کۆدەکاتەوەو یەکیان دەخات" ئەو دەم تورکیا بەدەست هێرشە لەناکاوەکانی پەکەکەوە دەیناڵاند. هەروەها وتی:"ئێمە بەهیچ جۆرێك جیاوازی نابینین لەنێوان ئەو تێرۆریزمەی پەکەکە لەگەڵ ئەو تێرۆریزمەی ڕوبەڕووی ئیسرائیل بووەتەوە".[5]ئەم لێدوانەی ناتانیاهۆ لەو کاتەدا نەتەنها غایەلەو غەمی ئەوی پیشاندەدا دژ بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی، کوردیی، بەڵکو ئەوەشی دووپاتکردەوە، کە هیچ ڕێکەوتنێکی ئاشتیی واژۆ ناکات تا سوریا هەموو پشتیوانییەکی دژ بەگەریلاکانی پەکەکە نەوەستێنێت.[6] ئەوەش فرە بەئاشکرا لەبۆردومانی پێگەکانی پەکەکەدا دەردەکەوێت لەلایەن هێزی هەوایی ئیسرائیلەوە لەدۆڵی بیقاعی لوبنان، هەروەها لەماوەی ئۆپەراسیۆنی ناوبراو، دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیلی توانی هەرەوەزیی بکات لەدۆزینەوەو دەستگیرکردنی ڕێبەری کوردی تورکیا عەبدوڵا ئۆجەلان. لەلایەکیترەوە نەیارێتی ئیسرائیل بۆ پەکەکە پەیوەستبوو بەرامکردنی تورکیا بۆ سیاسەتەکانیو تورکیاش نیازی بەئیسرائیل هەبوو بەتایبەتی لەنەیاریکردنی ئێراندا، چونکە تورکیا وڵاتی ئێران بەپشتیوانێکی گرنگی پەکەکەو پارتە ئیسلامییە بناژۆکانی نێوخۆی دەزانێت. ململانێی رابردووی تورکیاو ئێران یاخۆ ئەو تەنگژانەی پێش هاتنە سەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان هاتبوونە ئاراوە بەشێك بوون لەو ستراتیژەی، کە ئەمەریکا دژ بەئێرانو ئیسلامییە فەندەمێنتالیزمەکان گرتبووە بەر. لەبەرئەوە هاریکاریی نێوان تورکیاو

---

[1] حەسەن جودی : س، پ، ل(301–302).

[2] مامەند ڕۆژە: ئەرمەنۆساید،سەدەیەك لەپێوەندییەکانی کوردو ئەرمەن، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2009، ل182.

[3] Vann B. The New York Times: A Proposal for Ethnic Cleansing in Iraq. 26 November ( ،2003http://www.wsws.org/sections/category/news/me-iraq.shtml.)

[4] Aliza Marcus: op,cit,p193 .

[5] Sergey Minasian: op,cit,p35.

[6] Shahak I. Open Secrets: Israeli Nuclear and Foreign Policies // (www.abbc.com/historia/shahak/opensec/07.htm(

ئیسرائیل رەگەزێکی گرنگی ستراتیژی ئەمەریکا بۆ روبەڕوبوونەوەی نەیارەکانی لەرۆژهەڵاتی ناویندا پێکدەهێنێت.[1] چاودێران پێیانوایە تا هەماهەنگی ئێران لەگەڵ پەکەکەدا هەبێت، ئەوا تورکیاش پشتیوانی ئیسرائیل دەبێت بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەو پارتو بزووتنەوە ئیسلامییانەی وەك حزبوڵای لوبنان، کە وابەستەن بەئێرانەوە.[2] پێش چوونە سەر دەسەڵاتی ئەکەپە تورکیا نەیاری حزبوڵا بوو، باڵوێزی تورکیا لەقاهیرە رایگەیاند بوو:" ئەو کارانەی، کە حزبوڵا لەباشووری لوبناندا دژ بەئیسرائیل ئەنجامیان دەدات، دەچنە خانەی تیرۆرەوە".[3] بۆ ئەم مەبەستە تورکیا نیازی بەئیسرائیل هەبوو، هەروەك چۆن نیازی بەئەمریکاش هەبوو بۆ سەرکوتی پەکەکە. ئەوەبوو بەردەوام یارمەتی لۆجستیکیو مادی تورکیا دەکرا بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پەکەکەو بواری لەبەردەمدا دەکرایەوە تا کێومالّی بنکەکانی ئەو پارتە لەهەرێمی کوردستان بکات.[4]

هەروەها لەشوباتی 1997 دا وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل دیڤید لیڤی لەلایەن تورکیاوە داوای لێکرا تا هەوڵ بدات تەگەرەکانی یەکێتی ئەوروپا لەبەردەم بەئەندامبوونی تورکیادا هەڵبگرێت، لەبەرامبەر ئەمەدا تورکیا هاوسۆزی خۆی بۆ ئیسرائیل دووپاتکردەوەو لەمیانی سەردانی وەزیری بەرگریی تورکیا (تورهان ئایان) لەساڵی 1997 دووپاتیکردەوە، کە سوریای نەیاری ئیسرائیل بووەتە بنکەی تێرۆریستان.[5] دیارە تورکیا لەچەندین قۆناغدا هەڵوێستی خۆی لەگەڵ سوریا وابەستە کرد بوو بەبەرژەوەندییەکانییەوە لەگەڵ ئیسرائیل. چونکە پێش پێنج ساڵ لەو لێدوانە لەنیسانی 1992 دا عیسمەت سیزگینو ژەنەراڵ ئەشرەف بەتلیسی سەرۆکی هێزی جەندرمە سەردانی سوریایان کردبوو، لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا کۆببوونەوەو بڕیارنامەیەکی ئاسایشییان واژۆکرد بوو. پاش گەڕانەوەیان بۆ ئەنقەرە رایانگەیاند بوو، کە ئیدی پەکەکە تەواو بووەو سەربازگەکانی لەبیقاع داخراون.[6] ئەوە پاش ئەوە هاتبوو کە، تورکیا زانیاریی دابوویە سوریا، کە تەواوی وردەکارییەکانی یارمەتیدانی سوریایان بۆ ئۆجەلان روونکردبوویەوە، بەڵام زیادبوونی چالاکییەکانی پەکەکە لەسوریا، بەتەواوی تورکیای خستە رەوشێکی دژوارەوەو لە1998 بەتەواوی فشاریان خستە سەر سوریا بۆ دەرکردنی ئۆجەلان، هەربۆیە سلێمان دێمیریلی سەرۆك کۆمار هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی لەسوریا کرد بەوەی، کە خاکی سوریا داگیر دەکات. لەم پێناوەشدا ئیسرائیل پشتیوانی سەرەکی تورکیا بوو بۆ دژایەتی سوریاو پەکەکە، تەنانەت ئیسرائیل رایگەیاند بوو گەر جەنگێك رووبدات، ئەوا ئیسرائیل پشتیوانی لەئەنقەرە دەکات.[7] لەبەرامبەردا سوریا نەرمی نواندو رایگەیاند، کە ئەو

---

[1] عبد العاطي، تركيا بين تحديات الداخل، ص159.

[2] يسرى عبـد الرءوف يوسف الغول: أثر صعود حزب العدالةوالتنمية التركي على العلاقات التركية– الإسرائيلية، رسالةماجستير غير منشورة، جامعة الازهر، 2011، ل55.

[3] ن.م، ص58.

[4] يسرى عبـد الرءوف يوسف الغول:م.س،ص،70.

[5] ساها بوليك باشا : تطور العلاقات بين تركيا وإسرائيل والدول العربية المجاورة"، مجلة(الباحث العربي )، 1998، ع(48 )، ص37.

[6] كريس کۆچيرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردو، ب2، س.پ، ل162.

[7] هاوكار محيَدين جةليل: دؤزى كورد لةتوركيا (1980– 1999)، ض1، ضابخانةى حاجى هاشم، هةولێر، 2011، ل 224.

گرژییەی تورکیا، ئیسرائیل لەپشتییەوەیەتیو پەکەکە تەنها پاساوێکە، محەمەد سەلمانی وەزیری راگەیاندنی سوریا وتبووی:" ماوەی سێ مانگە ئۆجەلانو پارتەکەی قەدەغە کراون".[1] پاشتر بەهەماهەنگی ئێرانو تورکیاو سوریا ئۆجەلان لەسوریادا دەردەپەڕێنرێت. لەقۆناغی پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا چالاکییەکانی پەکەکە لەقەندیل ناوچەی سنووری ئێرانو تورکیاو سوریا قەتیس مان. لەو قۆناغەدا ئەندامانی پەکەکە جۆرێك پێوەندییان لەگەڵ رژێمی بەعسی ئێراقو بەرپرسانی ئێرانیدا هەبوو، تەنانەت چەند جارێك دزەیانکردە نێو سنورەکانی تورکیاو چالاکییان ئەنجامدا، دیارە هەریەك لەئێرانو ئێراقیش نەیاری ئیسرائیل و تورکیا بوون، هەربۆیە لەم رووەوە تورەیی ئیسرائیلو مەترسییەکانی ئەم هێزە گەریلاییە زیاتر لەسیاسەتەکانیدا رەنگیدایەوەو ئەمە فاکتەرێك بوو، کە تا پرۆسەی ئازادیی ئێراق، تورکیاو ئیسرائیل وابەستە بوون بەیەك ستراتیژی هاوبەشەوە، کە ئەویش روبەڕوبوونەوەی تێرۆریزم بوو لەناوچەکەدا.[2] بەکورتی هۆکاری دژایەتی ئیسرائیل بەدەر لەروانگەی ئایدیۆلۆژیو ئەجێندای سیاسیی پەکەکە، خۆی لەبایەخی تورکیا دەبینییەوە لەروانینی ئیسرائیلدا، چونکە دەیویست لەرێگەی تورکیاوە هەم پردێك دروست بکات بۆ قوتاربوون لەگەمارۆی وڵاتانی عەرەبیو پەیوەستبوون بەئاسیای ناوەڕاستو وڵاتانی قەوقازەوە، هەمیش دەیەویست لەڕێگەی تورکیاوە رێ لەزاڵبوونی هەژموونی سوریاو ئێران لەناوچەکەدا بگرێت.[3] بۆ ئەم مەبەستەش ئیسرائیل دەیویست پەکەکە هێزێکی بزێو بێتو تورکیاش هێند دەسەڵاتی بەسەریدا بشکێت، کە ئاتاجی بەئیسرائیل بێت بۆ روبەڕوبوونەوەی، بەڵام بەهاتنە سەرکاری پارتی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) لەساڵی 2002 دا، پاشتریش روخانی رژێمی بەعس لەساڵی 2003 دا، هاوکێشەکانی نێوچەکە گۆڕانکارییان بەسەردا هات.[4]

---

1 يوسف ابراهيم الجهماني: تركيا واسرائيل، ص 88.

2 چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/15 ).

3 الدراسات الإقليمية: مطالعات منطقة اي (الدراسات الإقليمية)، العدد الثالث خريف 2003 http://albainah.net/Index.aspx?functionـItem&idـ1610&lang.

4 چاوبێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/19)، (عوسمان ئۆجەلان برای بچوکی عەبدوڵا ئۆجەلانەو ساڵی 1958 لەدەڤەری ئورفە لەدایکبووە، لەنێوەڕاستی حەفتاکان پێوەندی کردووە بە رێکخستنی ئاپۆچیەکانەوەو لەپاش کودەتای 1980 دەبێتە ئەندامێکی باڵاو کەسی دووەم لەریزەکانی پ.ك.ك دا).

## باسی دووەم- قۆناغەکانی توندبوونو هێوربوونەوەی هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ لاوازکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK

لەڕووی پراکتیکییەوە ئۆجەلان پاشئەوەی لەژێر سایەی رژێمی ئەسەدی سوریدا ساڵی 1979 مافی پەنابەرێتی وەرگرت. ئیتر بووە دۆستی سورییەکانو بووە هاوپەیمانی رێکخراوە ئازادیخوازەکانی عەرەبیی فەلەستینی لەسوریادا، بەجۆرێك لەکۆتایی 1979دا پەکەکە چەندەها یەکەی سەربازی گەریلایی لەتورکیاوە قوتاری سوریا کردو لەوێشەوە برانە کەمپەکانی لوبنانی ژێر قەڵەمڕەوی سوریاو لەگەڵ رێکخراوە فەلەستینییەکان ئامادەی مەشقو راهێنانکرانو جارجاریش شان بەشانی ئەوان روبەڕوی ئیسرائیل دەبوونەوە لەپێکدادانەکاندا.[1] وەکچۆن (دانێك پایپ) تێبینی کردووەو وتوویەتی:" ساڵی 1982 چەکدارانی پەکەکە بەحەماسەتەوە دژ بەئیسرائیل جەنگانو دڵسۆزی خۆیان دوپاتکردەوە، هەربۆیە لەپاداشتی ئەو چالاکییانەدا سنووری راهێنانو مەشقیان لەدۆڵی بیقاعدا بۆ فراوانکراو زێدەتر جێگیر بوون، بەجۆرێك ئەوێ بووە بنکەی سەرکردایەتی گەریلاکانی پەکەکە".[2] لەبەرامبەریشدا ئیسرائیل لەپێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بەشێوەیەکی پراکتیکیو راستەوخۆ کەوتەخۆ بۆ لاوازکردنی پەکەکە. هەڤاڵ جومعە دەڵێت:" لەکاتی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بەهەموو شێوەیەك هێرشیان کردە سەر کەمپەکانی هەڤاڵەکانمان، دیاربوو کە زانیاریی تەواویان لەسەر ئێمە هەبوو، هاوکات ئیسرائیلو تورکیا رێککەوتبوون تا لەو شەڕەدا زەبرێکی گەورە لەئێمە بدەن، تەنانەت پروپاگەندەیان کرد، کە پەکەکەمان لەناو بردووەو ئاپۆ بەدیلگیراوەو بەم زوانە رادەستی تورکیای دەکەن".[3] لەرۆژنامەکانی تورکیادا ئەو هەواڵانەیان بڵاوکردبووەوە، هاوکات بەسەر زیندانیانی پەکەکەدا بڵاویانکردبوویەوە تاوەکو ورەیان بڕوخێنن. لەم شەڕەدا بەگوێرەی رێککەوتنی ئیسرائیلو سوریا بڕیاردرا هەموو هەموو هێزە سەربازییەکانی فەلەستینییەکانو پەکەکە لەلوبنان دەربکرێنو هەموو ئەندامانی پەکەکە بەگوێرەی رێکەوتنەکە بەکەشتی دەربازی سوریا بوون.[4] بەگوێرەی زانیارییەکانی پەکەکە لەو جەنگەدا (10) گەریلا کوژرانو (10) گەریلای دیکەش بەدیلگیران، کە لەگەڵ فەلەستینیەکان دواتر ئازادکران. ئیسرائیلو فەلەستینیەکان رێککەوتن، کە ئاڵوگۆڕی دیلەکانیان بکەن، دواتر دیلەکانی فەلەستینییەکانو پەکەکە لەرێگەی وڵاتی جەزائیرەوە ئاڵوگۆڕ کران.[5]

ئەم گیانبازییەی گەریلاکانی پەکەکە زیاتر شوێنی ئەوانی لەلوبنانو سوریادا کردەوە، بەشێوەیەك ئۆجەلان ساڵی 1991 بانگەشەی ئەوەی کرد، کە سەدان بارەگایان لەلوبنان هەبووە، بەجۆرێك پەیامنێرەکان شاهێدی ئەو راستییە بوونو رایاندەگەیاند، کە تەنانەت گروپە فەلەستینییەکانو نەیارانی تورکیا سودیان لەتواناو دامەزراوەیی بارەگاکانی پەکەکە

---

[1] Ofra Bengio: op,cit,p7.

[2] Ibid, p8.

[3] وەرگیراوە لەهەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، سلێمانی، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، 2014، ب2، ل 60.

[4] هەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، س.پ، ل 63.

[5] هـ.س.

دەبینی.[1] لەلایەکیترەوە هاوکێشەی نەیاریی پەکەکە تێکەڵ بەئەجێندای زلهێزان بوو لەرۆژهەڵاتی ناویندا، کە ئەمریکاو ئیسرائیلو تورکیا ترسیان لەئێران هەبوو، چونکە پێیانوابوو دیمەشقیان کردووەتە پێگەی حەماسو پەکەکەو لەلایەن سوریاو ئێراقو ئێران پشتیوانییان لێدەکرێت. هەربۆیە وەزیری بەرگری تورکیا (تایان) دژایەتی خۆی بۆ ئەو پلانە نەشاردەوەو بەمەش تورکیا لەرێگەی ئیسرائیلەوە ویستی رووبەکی نێونەتەوەیی بدات بەمەترسییەکانی سەر ناوچەکەو نەك لەسوریا، بەڵکو رایانگەیاند نایانەوێت باکوری ئێراقیش ببێتە نێوچەیەکی تێرۆر لەناوچەکەدا.[2] بۆنموونە لەمانگی مایسی 1997 سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ رایگەیاند ئیسرائیل پشتیوانی تورکیایە لەهەر روبەڕووبوونەوەو جەنگێکیدا لەگەڵ پەکەکەدا. هەروەها بنیامین لەدرێژەی راپۆرتەکەیدا لەسەری رۆیشتو ئاماژەی بەوەدا، کە ئەستەمە لەگەڵ سوریادا پرۆسەی ئاشتی سەربگرێت تاوەکو سوریا دەستبەرداری پشتیوانی لەپەکەکە نەبێت.[3]

هەوڵی ئیسرائیلو تورکیا بۆ سستکردنی پەکەکە بەردەوامبوو، بەجۆرێك لەنەوەدەکاندا بەتەواوی تورکیا فشاری خستە سەر سوریا. لە16ی ئەیلولی 1998 سەرۆك ئەرکانی هێزی وشکانی ژەنەراڵ ئاتیلا ئاتەش لەوتەیەکدا لەنزیك سنووری سوریا، بۆ خەڵکی هەرێمەکە وتی ئیدی سەبرمان نەما. سلێمان دێمێریلیش لەپەرلەمانی تورکیا وتی:" لەخاڵی سفری سەر سنوری سوریا بە35 هەزار سەربازەوە مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدەین". هاوکات هەر لەو ماوەیەدا ئیسرائیلو تورکیاو ئەمریکا بەپاساوی ئەنجامدانی مانۆڕێکی سەربازیی هاوبەش هێزی سەربازییان لەئاکدەنیز (دەریای نێوەڕاست) مۆڵداو مۆڵگەکانیش بەگوێرەی بەکارهێنانی موشەکی گەورە ئامادەکران.[4] پەکەکە دەیزانی بوێری سوریاو هەڕەشەکانی لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئۆجەلان بۆخۆی بەمشێوەیە گوزارشت لەفاکتەریی ئیسرائیلی دەکات لەفشارخستنە سەریاندا:"بەبێ ئینگلیز هیچ سیاسەتێك لەبەرامبەر کورد بیری لێنەکراوەتەوە، بەلەدایکبوونی ئیسرائیل، ئیدی چاودێریکردنی کورد کەوتە ئەستۆی مۆساد. پەکەکە رەوشو پێگەی تایبەتی هەبوو، کە بۆ ئیسرائیل مایەی سەرئێشە بوو".[5] ئیسرائیل رۆڵی کاریگەریی هەبوو لەشوێنبزرکردنو دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا. بەگوێرەی تونجای ئۆزکان، ئیسرائیل لەکاتی دەرچوونی ئۆجەلان لەسوریا زانیاری داوە بەتورکیا،[6] بەڵام بۆچوونی تر لەبارەی رۆڵی موساد روونتر کۆمەکی ئیسرائیل پیشاندەدات، مۆساد لەرۆماوە شوێن پێی ئۆجەلانی هەڵگرتووەو چاودێریی کردووە، پاشان لەهەموو وڵاتانی وەك ئیسپانیاو تونسو مەراکیش، کە ئۆجەلان پەنای بۆ بردوون، ئیسرائیل چاودێر بووەو تەنانەت لەکینیاش چاودێریکراوەو بەهۆی ئەو گفتوگۆ بێتەلانەی لەباڵوێزخانەی یۆنانەوە کراون لەلایەن تیمی تایبەتی مۆسادەوە گوێیان بۆ گیراونو لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەیش پلانەکەیان داڕشتووە. ئۆجەلان بۆخۆیشی هەستی بەگەورەیی پیلانی ئیسرائیل کردبوو

---

1 Ibid, p8.

2 رابرت السن: مسالة كرد و روابط ايران و تركيه، ترجمه ابراهيم يونسى (، ض 1 تهران، 1380، ل97.

3 Amikam Nachmani, "The Remarkable Turkish-Israeli Tie," Middle East Quarterly, June 1998, pp. 19-29.

4 کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان :س.پ، ل 16.

5 کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان :س.پ، ل17.

6 شلومو نكديمون: الموساد في العراق ودول الجوار، ت(بدر عقيلي)، دار الجليل للنشر والطبع، 1997، ص 390.

لەنەیاریکردنیدا، هەربۆیە بەشێوەیەکی بەرچاو لێدوان و سەرنجەکانی بوونە مایەی سەرئێشەو رەشبینی بۆیو ئیدی هەستی کرد لەرەوشێکی تێکسمڕاودا خۆی دەبینێتەوە. ئەو بەشێوەیەکی رەشبین و رووگرژانە ئاماژەی بەپیلانە نێونەتەوەییەکان دەدا لەسەر پەکەکەو ئەمەشی لەرۆژنامەی پارتی سەربەخۆبوونی پەکەکەدا خستبووە روو، پێیشی وابوو پیلانەکە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە لەدژیان بەڕێوەدەبرێت.[1] تەنانەت ئۆجەلان لەبەرگرینامەکەیدا لەزیندانی تاکەکەسی ئیمیرالییەوە باس لەپلانگێڕی دەستگیرکردنەکەی 9 ی تشرینی یەکەمی 1999 دەکات. لەوێدا پێیوایە ئیسرائیل بەڕۆڵی خۆی توانی ئاستی گرنگی پێوەندییە ستراتیژییەکەی لەگەڵ تورکیادا بسەلمێنێت، چونکە رۆڵی ئیسرائیل (مێشکی پلانگێڕیی بوو)، کە لەهەرێمەکانی دیکەو بەتایبەتی لەکینیا ئەنجامگیر بووە.[2]

لەروانینی پەکەکەدا، ئیسرائیل لەگەڵ سیاسەتی پەکەکەدا نەبووە بۆ ئاگربەستو چارەسەریی پرسی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە. هەربۆیە تورکیایان هاندا تا بەزیندانو ئاڵۆزکردنی پرسی کورد بەردەوام بێت، چونکە پەکەکە نیازی ئاشتی هەبوو، لە1ی ئەیلولی 1998 ئۆجەلان لەرێگەی تەلەکۆنفرانسەوە بەشداری بەرنامەیەکی مێد تیڤی کردو ئەوەی راگەیاند، کە لەپێناو خۆشکردنی زەمینەی ئاشتیدا ئاگربەستی تاك لایەنە رادەگەیەنێت. کاردانەوەکانی پەیوەست بەئاسایشی ئیسرائیلو بەرژەوەندی هەژمونگەرایی لەرۆژهەڵاتی ناوین، دەیویست کوردو تورك وەك دوو هێز بەناکۆك بمێننەوە، چونکە ئۆجەلان دەڵێت:" دەرفەتی ئاشتی 1993و 1998، مانای کۆتایی ئەو تەڵەزگەیە بوو".[3] هەربۆیە ئیسرائیل سووربوو لەسەر هێشتنەوەی پەکەکە بەبەرهەڵستکاریی تورکیا، چونکە لەپرۆسەی قۆڵبەستکردنەکەدا تاڕادەیەك سوچی ئیسرائیل نومایان ببوو. هەرچەندە ئیسرائیل بەتوندی ئەوەی بەرپەرچ دەدایەوە، کە دەستی لەو پرۆسەیەدا هەبێت، بۆیە لەبەرامبەر ئەو خۆپیشاندانە جەماوەریانەی کورد، کە لەبەردەم قونسوڵی ئیسرائیل لەبەرلین هوتافیان دەکێشا دڕدۆنگی خۆی پیشاندەدا. لەکاردانەوەشدا 3 لەخۆپیشاندەرانی کوردیان لەگۆڕەپانەکەدا کوشتو کۆتاییان بەناڕەزاییەکان هێنا. هەروەها تەنگژەکان ئاڵۆزی تریان بەدوادا نەهاتو دامرکانەوە، بەڵام پەکەکە لەهەڵوێستی بەردەوامبوو، داوایشی لەئیسرائیل کرد داوای لێبوردن بکات لەسەر ئەو هەوڵانەی لەدەستگیرکردنی ئۆجەلاندا دەستی تێیاندا هەبووە.[4]

لەپاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان، هێشتا پەکەکە ستراتیژیی خۆی لەدەستبردن بۆ چێکردنی پێوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ وڵاتانی زلهێزو راسترەوی هەرێمەکە دەستپێنەکرد بوو، ئۆجەلان هەر بەنەفەسی چەپێکی رادیکاڵەوە لەسەر زایۆنیزمو ئیمپریالیزم دەدوا. تا ئەوکات پەکەکە بۆخۆی دژ بەرەوتی زایۆنیستی لێدوانەکانی چڕکردووەتەوەو ئۆجەلان بۆخۆی وەك رێبەری پەکەکە لەدەستپێکی دووهەزارەکاندا لێدوان گەلێکی دژ بەزایۆنیزمو ئیسرائیلو روانگەی سامیگەراکان خستەڕوو. ئەو لەلێدوانەکانیدا رایگەیاند:" هەمان شێوەی زایۆنیزمی دووەم، هەرێمی کوردستان هەماهەنگی دەکرێت بۆ دەوڵەتدارێتی. دیارە، کە دەوڵەتدارێتی نەتەوەگەرای کورد لەداهاتوودا دژ بەئێرانو تورکیا بەکاردەهێنرێت، لەراستیدا من دژی ئەوەمو

---

[1] Aliza Marcus: op,cit,p195 .

[2] کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان: س.پ، ل 24.

[3] کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان: س.پ، ل (13، 55 ).

[4] Ofra Bengio: op,cit,p15.

هەوڵدەدەم ئەو رەوشە بوەستێنم. ئێمە پیاوانێکی لاوازمان هەیە، بەهەمان شێوەی شتانێك، كە لەفەلەستیندا ساڵی 1948 رویاندا بوو، ئاكامەكەی تەنها جەنگ گەلێكی شومو ترسناك بوون. ئەوەی ئیسرائیل دەیهەوێت وەك دەڵێن زەمینەی شەڕە سەگو تێكبەردانی وەحشیگەرانەیە. ئەو جەنگەی ئیسرائیل دەیكات لەگەڵ عەرەبدا وێرانكارییە، ئەوە بەراورد بەوە ناكرێت، كە ئێمە خواستی مافە سەرەتاییەكانی خۆمان هەیە، گەر ئەو مافانەمان دەستەبەركرد، ئێمە نامانەوێت بزووتنەوەی نەتەوایەتی كوردیی زایۆنیزمی دووەمی لێبكەوێتەوە".[1] پێمانوایە ئەم رەهەندە رادیكالەئایدیۆلۆژییە هۆیەك بوو تا ئیسرائیل لەسەر نەزمی پێشووی لەنەیاریكردنی پەكەكەدا بەردەوامبێت. هەربۆیە ئیسرایل لەپاش ئەوەی سوچی لەدەستگیركردنی ئۆجەلاندا هەبوو، هێشتا بەردەوامبوو لەتەسككردنەوەی هێزی پەكەكە. یەكێكی تر لەو خالەتەڵخانەی لەپێوەندی پەكەكەو ئیسرائیلدا هەیە بریتییە لەفرۆشتنی ئەو 10 فڕۆكە بێ فڕۆكەوانەی ئیسرائیل  بەتوركیا، چونكە پەكەكە وا گومان دەبات، كە بۆ مەبەستی هەواڵگیریی دژ بەئەو بەكاریدەهێنن.[2] لەراستیدا پاش پرۆسەی ئازادی ئێراق، بەدیوێكی تردا باشبوونی پێوەندیی نێوان هەرێمی كوردستانو توركیاو لەبەرامبەردا ئالۆزی پێوەندییەكانی نێوان پەكەكەو هەولێر، دیسان فاكتەرێكی تر بۆ دووركەوتنەوەی ئیسرائیلو پەكەكە هاتەئاراوە، چونكە هەر بەگوێرەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی ئارێل شارۆن لەپاش 2003 وە چالاكییەكانی ئیسرائیلی بۆ تۆكمەكردنی پێوەندیی لەگەڵ كوردانی هەرێمدا زیاتر برەو پێداوە. هۆكاری ئەوەیش زیادبوونی هەژموونی ئێرانی بووە لەنێو رەوشی ناهەمواری ئێراقی پاش سەدامدا.[3] لەبەرامبەردا ئیسرائیل زۆر كەیف خۆشە بەنێزیكبوونەوەی كوردان، بەڵام توركیا رێگرەو ئیسرائیل لەترسی توركیادا نایەوێت هەنگاوی بوێرانەو قسەی دڵی خۆی بكات. لەبەرامبەردا توركیا سڵ لەدوژمنەكانی ئیسرائیل ناكاتەوەو بەروونو رەوانی پشتیوانی خۆی بۆ حەماسی فەلەستینی دەردەبڕێت، كە سەر سەخترین دوژمنی ئیسرائیلە.[4]

لەلایەكیترەوە ئالۆزبوونی پێوەندییەكانی توركیاو ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی دواییدا یاریدەی هێوركردنەوەی پێوەندییەكانو روانگەی ئیسرائیلی دا لەگەڵ رێبەرانی كورد لەتوركیا. بەگوێرەی (سیمون هیرش) پێوەندییەكانی توركیاو ئیسرائیل لەپاش 2003 جۆرێك دوچاری تەنگژەو ئالۆزی بوونەوە، دیارە ئەوەش بەهۆی پێشینەو نزیكی پێوەندییەكانی هەرێمی كوردستانو ئیسرائیلەوە بوو. هەر ئەو رۆژنامەنوسە دەڵێت:" سەرچاوە توركییەكان بەشێوەیەكی نهێنی لەوبارەوە هەواڵ دەزانن، كە ئیسرائیلییەكان لەكوردستانن، هەربۆیە بەتەواوی نیگەرانی ئەو رەوشەنو ئاگاداری هەوڵو كۆمەكی ئیسرائیلییەكانن، تا كوردان هانبدەن بەرەو پرسی سەربەخۆییو دەوڵەتی كوردیی. هاوكات ئیسرائیلییەكان دەزگای هەواڵگیریی خۆیان لەهەرێمی كوردستاندا فرەچالاكو پتەوەو بەبەربڵاوی لێنەویون بۆ كارەكانیانو ئاگاداری چالاكییەكانی ئێرانو ئیسرائیلنو دژ بەوان سەرگەرمی گردكردنەوەی زانیارییەكانن".[5] هاوكات لەنێو پەكەكەیشدا لەپاش دەستگیركردنی ئۆجەلان باڵێك دروستبوون، كە نیازی هەماهەنگیو پێوەندیی دیپلۆماسیو سیاسییان بوو لەگەڵ خۆرئاواو ئەمەریكاو

---

1 Ibid, p18.
2 Ofra Bengio: op,cit,p18.
3 Ibid, p19.
4 Ibid, p20.
5 Gregory A. Burris, "Turkey-Israel: Speed-Bumps," Middle East Quarterly, Fall 2003, pp. 67-80.

ئیسرائیلدا هەبوو، بەڵام ئەم باڵە، کە عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵا ئۆجەلانی بەندکراو ڕێبەرایەتی دەکردن، نەیانتوانی هەنگاوەکەیان بخەنە بواری پراکتیکەوەو لەدەستپێکی دوو هەزارەکاندا دەستبەرداری پەکەکە بوون.[1] هەروەها زەمینەی پێوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ پەکەکەشدا گۆڕانکارییان بەسەردا هات. هەرچەند، کە لێدوانەکانی ئۆجەلان لەبارەی دژایەتی یەهودییەکان بەردەوام بوون، هەروەکچۆن لێدوانەکانی دوایی دژ بوون بەلۆبی ئیسرائیلیو دۆستەکانی ئیسرائیل، بەڵام دەکرێت ئەو شەپۆلی توڕەییەی ئۆجەلان هەوڵێك بێت بۆ نزیککردنەوەی پەکەکە لەتورکیاو بەئامانجی ڕەچاوکردنی پرۆسەی ئاشتی کورد بێت لەدەوڵەتی تورکیادا، چونکە تورکیا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا ساردی نیشان دەدا. بەردەوام هەوڵگەلێك لەلایەن ئیسرائیلییەکانو پەکەکەوە هەیە بۆ سڕینەوەی ئەو تەمومژانەو هیچ نەبێت بۆ کەمکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان. لێرەدا ئەندامی پەکەکە سەرنجی کورد لەبارەی ئیسرائیلەوە بەراورد دەکات بەگەنجی ئاوابیەك، کە بەردەوام دەچێتە بەردەم ماڵی خۆشەویستەکەی، بەڵام لەترسی بابی خۆشەویستەکەی ناتوانێت بچێتە ژوورەوە. لێرەشدا وادەبینرێت، کە لەناو پەکەکەدا دوو ئۆردوگا هەیە. یەکێکیان موراد قەرەیلانە، کە فرە کراوەیە بۆ هەر پێوەندییەك، لەبەرامبەردا جەمیل بایك هەیە، کە گەلێ دڕدۆنگو داخراوە لەو پرسەدا،[2] بەڵام بەهۆکاری بوونی وابەستەیی کوردانی جولەکەو هاوسۆزیان بۆ کورد لەتەواوی پارچەکاندا، بەردەوام هەوڵێکی ئیسرائیلیی لەدەرەوەی سیاسەتی ئەو وڵاتەدا هەبووە بۆ داکۆکیی لەمافی کوردان. بۆنموونە ئەمیتای بەنێوی مایك ئەمیتای، کە وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگەی کوردی واشنتۆن لە 1996 بۆ 2005 دەستبەکار بوو. ناوبراو ڕۆڵی لەچێکردنی وتارێکدا هەبوو، کە گرفتی کوردانی تورکیاو ئێرانو ئێراقو سوریا لەخۆیدا بەرجەستە بکات. لەلایەکیترەوە دیارە سەرەڕای ئەو هەموو فشارەی تورکیا، کە لەسەر ڕێو شوێنی پێوەندییەکانی ئیسرائیل هەیە لەگەڵ کوردانی تورکیا، هێشتا ئیسرائیل ڕازی نەبووەو ڕێگرە لەناساندنی تێرۆریزمی کوردان بەشێوەیەکی فەرمیی. پاش سەردانی (حیکمەت چەتین)ی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ ئۆرشەلیم لەساڵی 1993 دا نەتوانرا وا لەئیسرائیل بکرێت مل بدات بۆ ناساندنێکی لەو جۆرەی کوردان.[3]

هاوکات لەپاش چوونە سەرکاری پارتی دادو گەشەپێدانو سیاسەتی ئەو پارتە لەنزیکبوونەوە لەدنیای عەرەبیی، زیادبوونی هەژموونی ئێران لەناوچەکەدا، ئیسرائیل بەجۆرێکی دی هاتووەتە پێشەوەو لەبەرامبەر پەکەکەدا ناچێتە ناو ڕێکەوتنەکانەوە، کە سەرکوتی ئەو هێزە بکاتو ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەلقەکانی سەر بەپەکەکە دەکات لەئێرانو سوریادا. سیمن هێرش لەپاش 2003 لەیەکێك لەبابەتەکانیداو لەسەر زاری بەرپرسانی ئەڵمان گواستبوویەوە دەنوسێت: " تۆڕی هەواڵگیریی ئەڵمان بەڵگە گەلێکی لایە، کە ئیسرائیل لەنێو کوردانی سوریاو ئێراندا مژوڵی چێکردنی پێوەندییە هەواڵگیرییەکانییەتیو بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ مەبەستی چالاکییو هەواڵگیریی کەوتۆتەخۆ". هەمان ڕۆژنامەنوس لەزاری میشیل سەماحەی وەزیری ئیتلاعاتی لوبنانییەوە هێناویەتی، کە وتوویەتی:"وڵاتەکەی بەڵگەی تەواوی لەبەردەستایە، کە

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، لەڕۆژی (2009/2/19).

[2] Ofra Bengio: op,cit,p20.

[3] Gregory A. Burris, "Turkey-Israel: Speed-Bumps," Middle East Quarterly, Fall 2003, pp. 67-80.

ئیسرائیل لەئامادەکردنی کورداندایە بۆ یاخیبوونیان دژ بەوڵاتانی سوریاو تورکیاو ئێران".[1] لەلایەکی ترەوە لەم دواییانەدا بەڵگە گەلێك خرانەڕوو، کە ئیسرائیل لەگەڵ پارتی ژیانی ئازاد (پژاك) دا پێوەندییەکانی پێشخستووە. دیارە، کە ئەمەش پارتێکی کوردیی ئێرانییەکانەو وابەستەیە بەپەکەکەوە. هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکرێت، کە ئیسرائیل مەشقو راهێنان بەگەریلاکانی پژاك بکات لەنێو بنکەو بارەگاکانیاندا لەخاکی هەرێمی کوردستاندا. هەر لەم میانەدا کۆڵەری کوردی نیشتەجێ لەئەمریکا (نادر ئینتسار) پێشنیاز دەکات، کە ئیسرائیلو ئەمەریکا یاریدەی کوردانی ئێران لەوانە پژاكو گروپەکانی دی بدەن دژ بەدەوڵەتی نێوەندیی.[2] پەکەکە سودی بینی لەلاوازی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیل، چونکە بەدەسەڵاتگرتنە دەستی ئاکەپە لە2002 دا، قەیرانی متمانە لەنێو دوو وڵاتدا درووستبوو، هاوکات پاش داگیرکردنی ئێراق لەلایە ئەمەریکاوە 2003 دیسانەوە تێکهەڵپژان لەنێوان پەکەکەو تورکیا دەستیپێکردەوە، چونکە قۆناغێکی تر لەساردی پێوەندییەکان لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلو خۆرئاوا دەستیپێکردەوە،[3] بەڵام لەم قۆناغەشدا بەهۆی سیاسەتی هەڵەی پەکەکە لەپەیوەستبوونی بەنەخشەی سیاسەتەکانی ئێرانەوە لەناوچەکەدا نەیتوانی سود لەو ساردییەی پێوەندیی نێوان خۆرئاواو ئەمەریکا ببینێت، هەر ئەمەش هۆکارێك بوو، کە بەشێکی زۆر لەئەندامانی باڵای پەکەکە وازیان لەکاری سیاسی هێناو لە هەرێمی کوردستان دانیشتن.[4] لەبەرامبەردا لەرووی سیاسیو میدیایشەوە ئەمەریکاو ئیسرائیل، بەهۆی نزیکی ئەجێندای پەکەکە لەگەڵ ئێراندا، پەکەکەیان وەك گروپێکی نایاساییو مەترسیدار ناساند.[5] هەرچەندە پەکەکە توانی نێوچەی ئارامی هەرێمی کوردستان بقۆزێتەوە بۆ رێکخستنو هەماهەنگیکردنو خاڵی دەرچوونی کردە پارتیزانییەکانی، بەڵام ئەمەریکاو ئیسرائیل دۆزی پەکەکەیان بەدۆزێکی نەتەوەیی نەدەزانیو وەك باندێکی قاچاخچیو تێرۆریست ئاماژەیان پێدەداو پێیانوابوو بەشێکی سەرمایەگوزارییەکانی پەکەکە لەچالاکییەکانیدا لەرێگەی چالاکییە تاوانکارییەکانەوە دێتە دەست لەوانە بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر لەسەرانسەری ئەوروپا.[6]

[1] Ofra Bengio: op,cit,p20.
[2] Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East (Lanham: Rowman & Littlefield, 2010), p. 205.
[3] Jim Zanotti; Turkey: Background and U.S. Relations, January 17, 2012, http://www.refworld.org/pdfid/4f3915372.pdf
[4] چاوبێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/19 ).
[5] Jim Zanotti; Turkey: Background and U.S. Relations, January 17, 2012, http://www.refworld.org/pdfid/4f3915372.pdf.
[6] چاوبێکەوتن لەگەڵ (عوسمان ئۆجەلان)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/19).

## ئه نجامگیریی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

– تورکیا یەکەم دەوڵەتی نێو جیهانی ئیسلامیی بوو، کەدانی بەدەوڵەتی ئیسرائیلدا نا پاش راگەیاندنیو پێوەندیی سیاسیی‌و ئابووریی‌و سەربازیی لەگەڵدا گرێدا، بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنی لەرووبەڕووبوونەوەی مەترسییە نێوخۆییو دەرەکییەکان بەگشتیی‌و بەدیاریکراویش سوریاو پارتی کرێکارانی کوردستان، یەکەمیان بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئاویی لەگەڵیداو بوونی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە لەنێو خاکەکەیداو کۆمەکیکردنی لەدژی. دووەمیشان بەهۆی راگەیاندنی خەباتی چەکداری پەکەکەو دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.

– یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پشت بەستنی رێکەوتننامە سیاسیی‌و سەربازیی‌و بازرگانییەکانی تورکیاو ئیسرائیل مەسەلەی پەکەکە بوو، چونکە لەزۆربەی ئەو رێکەوتننامانەدا ریٚو شوێنەکانی روبەڕووبوونەوەو تەوقدانی مەترسی ئەو پارتە جەختی لێکرابۆوە، بەتایبەت ئەو رێکەوتننامانەیان، کەشەقلێکی ئاساییشیان هەبوو. سەرباری پێشکەشکردنی کۆمەکییە سەربازیی‌و تەکنەلۆژییەکانی ئیسرائیل بۆ تورکیا، کەتارادەیەکی زۆر بۆ لەنێوبردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو.

– ئەو گوشارە زۆرانەی تورکیا لەرێگەی نزیکبوونەوەو گرێدانی رێکەوتننامە لەکەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیل دەیخستە سەر سوریا، بەشێکی گەورەی پێوەندییان بە مەسەلەی پەکەکەوە هەبوو، چونکە سوریا داڵدەی گەریلاکانی پەکەکەی دابوو، هاوکات رێگەیشی پێدابوون چالاکی‌و کردەی گەریلایی دژی تورکیا لەنێوچە سنوورییەکانی لەگەڵ سوریا ئەنجام بدەن، جگە لەوەی ئیسرائیل دەیویست سوریا دەست هەڵبگرێت لەرێکخراوە فەلەستینییەکانی نەیاری، هەروەها بۆ ئەوەش سازشی زیاتری پێبکات لەپرۆسەی عەرەب– ئیسرائیلدا.

– ئیسرائیل لەداوی بەرژەوەندییە مێژوویی‌و سیاسیی‌و سەربازییەکانی تورکیادا، بەڕادەیەك وەستابوو، نەیتوانی ئەو دەستگرۆیی‌و ئاوڕدانەوە نافەرمییەی بۆ کوردانی باشووری کوردستان خستبووە ئەجێندایەوە، بۆ کوردانی باکووری کوردستان بچوکترین هەنگاوی بۆ بنێت، بەپێچەوانەوە هەنگاوەکان زەمینەی بندەستکرن‌و بچوککردنەوەی تواناکانی پەکەکەی لە هەگبەدا بوو.

– سیاسەت‌و دیپلۆماسییەتی پەکەکە بۆ نزیکبوونەوە لەئیسرائیل لەلایەکەوە هەموو دەرگاکانی لەبەردەمدا کلۆمدرا بوو، لەلایەکیتریشەوە هێزی ئایدیۆلۆژیاو ئەزموونی دەستخەرۆکردنی کوردانی باشووری کوردستان وانەیەك بوو بۆیان تا خۆیان بەرکەنار بکەن. هاوکات بەگشتی پەکەکە خاڵی لاوازیان لەچێکردنی پێوەندییە دەرەکییەکانیاندا هەستی پێدەکرا. چونکە

لەلاوازبوونی پێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا، هیچ کات پەکەکە هەنگاوێکی دیپلۆماسیانەو سیاسیانەی نەناوە بەروی بەرژەوەندییەکانیدا.

## سەرچاوەکان

### کتێب:

### یەکەم- بەزمانی کوردیی:


1.حەسەن جودی: مێژوویێك لەئاگر، نهێنی خۆڕاگری بزووتنەوەی ئاپۆچی، دیمانە لەگەڵ جەمیل بایك، چ1، بڵاوکراوەکانی پ.چ.د.ك، 2008.

2.کریس کۆچێرا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو هیوای سەربەخۆیی، و.(ئەکرەمی میهرداد)، ب2، چاپو پەخشی نما، سلێمانی، 2002.

3. کۆمینی راگەیاندنی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان: پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بە عەبدوڵا ئۆجەلان، چ1، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، 2014.

4. مامەند رۆژە: ئەرمەنۆساید، سەدەیەك لەپێوەندییەکانی کوردو ئەرمەن، چ1، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2009.

5.مایکڵ گانتەر: فەرهەنگی کوردی، و.(مامکاك)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،2007.

6.نبیل الملحم: سەرۆکو گەل، حەوت رۆژ لەگەڵ ئاپۆدا، ئامادەکردنو وەرگێڕانی (رۆژنامەی وڵات)، تشرینی دووەمی 1999.

7.هاوکار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لەتورکیا (1980- 1999)، چ1، چاپخانەی (حاجی هاشم)، هەولێر، 2011.

8. هەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ب2، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، 2014.


### دووەم- بەزمانی عەرەبیی:


9. احمد داود اوغلو: العمق الاستراتیجی، موقع ترکیا ودورها فی الساحة الدولیة، ت(محمد جابر ثلجی وطارق عبدالجلیل)، ط1، الدار العربیة للعلوم ناشرون، مرکز الجزیرة للدراسات، الدوحة، 2010.

10. جراهام فولر: الجمهوریة الترکیة الجدیدة، ترکیا کدولة محوریة فی العالم الاسلامی، ط1، مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، ابوظبي، 2009.

11. جلال عبدالله معوض: صناعة القرار فی ترکیا والعلاقات العربیة الترکیة، ط1، مرکز دراسات الوحدة العربیة، بیروت.

12. جليل عمر على: السياسة الخارجية التركية حيال الشرق الاوسط، ط1، مركز كوردستان لسياسات الاستراتيجية، السليمانية، 2011.

13. خورشيد حسين دلى: تركيا والقضايا السياسة الخارجية التركية، جمعية الكتاب العرب، دمشق، 1999 .

14. د.ابراهيم الداقوقى: صورة الاتراك لدى العرب، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2001.

15. د.عبدالعزيز شحادة المنصور: المسالة المائية فى السياسة السورية تجاه تركيا، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2000.

16. د.عقيل سعيد محفوض: سورية وتركيا، الواقع الراهن واحتمالات المستقبل، ط1، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، 2009.

17. د.عماد الضميري: تركيا والشرق الاوسط، مركز القدس للدراسات السياسة، 2002.

18. د.محمد نورالدين: تركيا الجمهورية الحائرة، مقاربات فى الدين والسياسة والعلاقات الخارجية، ط1، مركز الدراسات الاستراتيجية والبحوث والتوثيق، بيروت، 1998.

19. د.هدى درويش: العلاقات التركية اليهودية واثرها على البلاد العربية، ج2، ط1، دار القلم، دمشق، 2002.

20. د.وليد رضوان: العلاقات العربية– التركية فى القرن العشرين السورية التركية– نموذجا، ط1، دار عبدالمنعم–ناشرون، حلب، 2004.

21. د.وليد رضوان: العلاقات العربية التركية، ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006.

22. د.وليد رضوان: تركيا بين العلمانية والاسلام فى القرن العشرين ،ط1، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، 2006.

23. رضا هلال: تركيا من اتاتورك الى اربكان، الصراع بين المؤسسة العسكرية والاسلام، ط1، دار الشروق، بيروت، 1999.

24. سلسلة وثائق وكر الجاسوسية: تدخلات امريكا في البلدان الاسلامية: تركيا، من منشورات الوكالة العالمية، ط1، بيروت، 1991.

25. شلومو نكديمون: الموساد في العراق ودول الجوار، ت: بدر عقيلي، دار الجليل للنشر والطبع، 1997.

26. عايدة العلى سرى الدين: العرب والفرات بين تركيا واسرائيل، ط1، دار الافاق الجديدة، بيروت، 1987.

27. عبدالله اوج الان: مختارات (2)، من منشورات المدرسة المركزية للحزب، 1992.

28. عبدالله اوج الان: قضية التحرر الوطنى الكردستانى وطريق الحل، من منشورات حزب العمال الكردستاني، 1982.

29. عبدالله اوجلان: قوموا بتحضير أنفسكم حتى الموت لأجل النصر، من منشورات المدرسة المركزية للحزب، 1992.

30. عبدالله اوجلان: مسيرة روما، ط1، 2002، منشورات، صوت كردستان، السلسلة العربية (5).

31. على صالح الميرانى: العلاقات التركية الاسرائيلية(1949–2009) بين الاستقرار والتارجح، ط1، مطبعة جامعة دهوك، 2010، مركز الدراسات الكردية وحفظ الوثائق.

32. فليب روبنس: تركيا والشرق الاوسط، ت(ميخائيل نجم خورى)، ط1، دار قرطبة، دار البيضاء، 1993.

33. كمال شاهين : مسيرة اكراد سوريا ال 24 عاما مع حزب العمال الكردستانى.

34. اللجنة الاستشارية في وزارة الخارجية: حول امريكا والغرب والقضية الكردية فى العراق وايران و تركيا،، 1991.

35. محمد عبد العاطي: من كتاب ( تركيا بين تحديات الداخل ورهانات الخارج )، دار النشر العربية، 2009.

36. مركز الدراسات السياسية والاستراتيجى: التقرير الاستراتيجى، القاهرة، 1998.

37. يوسف ابراهيم الجهمانى: تركيا واسرائيل، ط1، دار حوران للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، 1999.

**سێیەم- بەزمانی فارسیی:**

38.رابرت السن: مسالة كرد وروابط ايران وتركيه، ت (ابراهيم يونسى)، چ 1، تهران، 1380.

**چوارەم– بەزمانی ئینگلیزیی:**

39. Aliza Marcus: Blood and Belief: The PKK and the Kurdish Fight for Independence, NYU Press, Aug 1, 2007.

40. Amikam Nachmani,"The Remarkable Turkish-Israeli Tie," Middle East Quarterly, June 1998

41. Barron A. US and Israeli Jews Express Support for Kurdish Refugees // Washington Report of Middle East Affairs, May-June 1991.

42. Edgar Ó Balance : The Kurdish/ straggle 1920-1994 ,bogazici university tibrarg ,NewYork ,1996.

43. Gregory A. Burris, "Turkey-Israel: Speed-Bumps," Middle East Quarterly, Fall 2003.

44. Michail M.Gunter: The Kurds and The Future of Turkey.Sr.martins Press.New york.1997.

45. Nachmani A. Israel,Turkey and Greece: Uneasy Relations in the East Mediterranean.London, 1987.

46. Nader Entessar, Kurdish Politics in the Middle East (Lanham: Rowman & Littlefield, 2010).

47. Ofra Bengio: Surprising Ties between Israel and the Kurds, Middle East Quarterly, SUMMER 2014 , VOLUME 21: NUMBER 3.

48. Vann B. The New York Times: A Proposal for Ethnic Cleansing in Iraq. 26 November 2003.

**پێنجەم- بەزمانی توركیی:**

49. Martin van Bruinssen: Kurtluk, turkluk,Alevilik, Etnik Ve Dinsel kimlik mucadelderi, civiren,Hakan yardakul,Baski 5 ,Iletisim yayinlari,Istanbul,2004.,S.351.

**نامەی زانكۆیی:**

50. أيمن إبراهيم الدسوقي: السلوك التركي تجاه القضايا العربية 1990–1997، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة، 1992.

51. يسرى عبـدالرءوف يوسف الغول: أثر صعود حزب العدالة والتنمية التركي على العلاقات التركية– الإسرائيلية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الازهر، 2011.

**گۆڤارەكان:**

**بەزمانی عەرەبیی:**

52. د.اديب صالح اللهيبى وفهد عباس سليمان السبعاوى: التحالف التركى– الاسرائيلى فى تسعينيات القرن العشرين وانعكاساته على الامن الوطنى السوري، مجلةجامعة كركوك للدراسات الانسانية، مج (7)، ع(3)، 2012.

53. د.خليل على مراد: العلاقات السورية– التركية فى ضوء ازمة اوجلان تشرين الاول 1998، مج (اوراق تركية معاصرة)، ع(16)، ربيع 2001، جامعة الموصل.

54.د.عونى عبدالرحمن السبعاوى، تركيا وكيان الصهيونى ميادين الشراكة الاستراتيجية، مج(الفكر السياسي)، ع(1) دمشق، 1997، اتحاد الكتاب العرب.

55. الدراسات الإقليمية: مطالعات منطقة اي (الدراسات الإقليمية)، العدد الثالث، خريف 2003.

56. سها بوليك باشا: تطور العلاقات بين تركيا وإسرائيل والدول العربية المجاورة"، مجلة(الباحث العربي)، 1998.

57. عبدالصمد ناجى ملا ياس: مستقبل العلاقة التركية– الاسرائيلية فى ضوء مشروع الشرق اوسطية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية والسياسية، ع(2)، سنة1.

**ئینتەرنێت:**

**یەكەم- بەزمانی عەرەبیی:**

58.رجب الباسل: دور تركيا في القضية الفلسطينية،
http://www.alzaytouna.net/permalink/5632.html

59.سيف علي حسني: العلاقات التركية الإسرائيلية والأمن القومي
http://www.albainah.net/index.aspx?function=Item&id=1609&lang=

**دووەم- بەزمانی ئینگلیزیی:**

60.Gallia Lindenstrauss and Oded Eran: The Kurdish Awakening and the Implications for Israel, http://www.inss.org.il/index.aspx?id=4538&articleid=6966.

61.Jim Zanotti; Turkey: Background and U.S. Relations, January 17, 2012, http://www.refworld.org/pdfid/4f3915372.pdf.

62.Sergey Minasian: THE ISRAELI-KURDISH RELATIONS, 21-st CENTURY , № 1, 2007, /http://www.noravank.am/upload/pdf/256_en.pdf

63.Shahak I. Open Secrets: Israeli Nuclear and Foreign Policies // (www.abbc.com/historia/shahak/opensec/07.htm)

**چاوپێكەوتن:**

64.**چاوپێكەوتن لەگەڵ** (**عوسمان ئۆجەلان**)، **كۆیە**، **لەرۆژی** (2009/2/19).

65.چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیل ئاتاج)، کۆیە، لەرۆژی (2009/2/15).

66.وەڵامی ئیمەیلی (عادل موراد) بۆ ماجد خەلیل لە(2009/10/10).

## ملخص البحث

## حزب العمال الكردستانى ( ب.ك.ك ) في علاقات تركيا واسرائيل

## 1980- 2003

بعد تاسيسه اعترف تركيا باسرائيل واعتبرها حليفا سياسيا قريب منها وفي البداية قام بعقد العلاقات معها. في بعض المراحل قطعت العلاقات بسبب الاحداث المؤثرة علي العلاقات في تلك المراحل، لكن في بداية الثمانينات بدا العلاقات من جديد بين الطرفين. بسبب ذهاب قيادة واعضاء حزب العمال الكردستاني في نهاية السبعينات وبداية الثمانينات الي سورية وبدء كفاح المسلح في 51 اب 5891 ضد تركيا، وايضا ظهور المشكلة المائية بين تركيا وسوريا، هذة المشاكل خلقت المخاطر علي الامن القومي التركي. لذا بجانب الاسباب الاقتصادية وامتداد المخاطر، تقدم العلاقات بين البلدين الي الامام، حتي التسعينات وصلت الي حد التعاون والتحالف الاستراتيجي، التي احد المحاور والاسباب الرئيسية لهذه العلاقات احتواء خطر ب.ك.ك، واخيرا عن طريق الضغط علي سوريا، وفي اتفاقية ادنة 5889 اضطرت سوريا الي كف الايدي من مساعدة هذه الحزب المذكور وبعدها طردت اوجلان علي اراضيها. بالمناسبة تحدث الوسائل الاعلام عن دور جهاز المخابرات الاسرائيلية ( موساد ) في عملية اعتقاله.

بعد سنة 0222 وخاصة عند مجيء حزب العدالة والتنمية الي عرش السلطة في تركيا، ضعفت العلاقات من جديد بين تركيا و اسرائيل في بعض الاحيان، وايضا يتحدثون عن بدء العلاقة بين ب.ك.ك واسرائيل، لكن هذه العلاقة لم تؤدي الي مستوي العلني وايضا مساعدة هذه الحزب وقطع العلاقات مع تركيا من جانب اخر، لان علاقات اسرائيل وب.ك.ك في مجال محدود وسري وغير جدي، بحيث لن يتمكن اي تاثير فعلي. وفي ختام يجب ان نشير الي وجود علاقة حزب العمال الكردستانى مع المنظمات اليسارية والدول المعادية للاسرائيل، التي ادي الي ابتعاد اكثر اسرائيل من ب.ك.ك.

## Abstract

# Kurdistan workers party (PKK) in regional relations of Turkey and Israel

## 1980- 2003

Following the establishment of the state of Israel, Turkey recognized the State of Israel. After that, turkey saw Israel such as its near political ally and created good relation with it. However, in historical stages, rise and decline in their relations have been happened by political situation. But, at the beginning of the 80s. The relations have restarted again.

In the late 70s and early 80s, leaving Abdullah Ocalan and his associates to Syria, where they set up military headquarters and started its armed insurgency in 1984. Moreover, emerging crisis over water between Turkey and Syria. Thus, these factors made turkey concern on Turkish national security. That is why, along with economic factors, continuing that dangers and causes made turkey to raise its relations with Israel increasingly. In nineties their relations reached the levels of cooperation and strategic alliance. Which one of the main factors in that relations was that PKK activities and dangerous should be banned. Eventually, in the way of pressure on Syria during the Adana treaty in 1998, Syria was forced to give up PKK cooperation and evicted Ocalan from Syria.

Moreover, this research has appointed the role and participation of the Mossad, Israel's national intelligence agency to arrest Ocalan. However, Since the AKP came to power following the 2002, the relations between Turkey and Israel have become decline. In return, there was a kind of informal and secret relation between PKK and Israel, but it did not reach clear political relation and led to cooperate PKK or weakened Turkey and Israel relations completely. These secret relations between PKK and Israel did not take any significant step and they remained secretly and were not important for Kurdish issue.In return, PKK had previous relation with rival countries of Israel and many leftists'

organizations that they saw Israel as great enemy. That is why, all of factors had others significant effects on the weakness of PKK and Israel relations.

# ملحق رقم (٢٦)

## نص الاتفاق العسكري التركي الإسرائيلي [١]

جاء نص الاتفاق تحت عنوان (اتفاق التعاون في التدريب العسكري بين هيئة أركان الحرب في الجمهورية التركية وبين وزارة الدفاع في دولة إسرائيل).

الأطراف:

شعوراً بأهمية تطوير علاقات الصداقة والتعاون القائمة بين الدولتين إلى مراتب أعلى، وإيماناً بنفع التدريب العسكري لصالح كلٍّ من الطرفين.

وقبولاً بأن هذا النوع من التعاون من شأنه زيادة وتدعيم العلاقات بين الطرفين، توصَّل الطرفان إلى الاتفاق على المسائل التالية:

الهدف:

هدف هذا الاتفاق تحقيق التعاون في ميدان التدريب العسكري بين البلدين.

المضمون:

يضمُّ هذا الاتفاق المبادئ والقواعد المتعلقة بالمؤسسات التدريبية العسكرية، والوحدات العسكرية والأفراد الذين سيتدربون في هذه المؤسسات،

---

(١) نصُّ الاتفاق العسكري التركي الإسرائيلي، ترجمة مركز بحوث العالم التركي بالقاهرة، عن التركية، وقامت بنشرها مجلة (المصور) القاهرية، ونقلتها عن (المصور) جريدة (السفير) اللبنانية ١٩٩٦/٧/٢٤م، وعنها نقلتها عايدة العلي، في كتابها (العرب والفرات بين تركيا وإسرائيل)، ص٢٧٧ ـ ٢٨٤.

والتدريب في هذه الوحدات، والمختصين من الطرفين الذين هم موضوع المعاهدة، ومسؤوليات الطرفين وتعاونهما.

التعريفات:

(الدولة المرسِلة) هي التي ترسِل موظفيها بالتبادل.

و(الدولة المستقبِلة) هي الدولة التي تستقبل أفراد التبادل.

السلطة المسؤولة:

أ ـ في تركيا:

السلطة المسؤولة عن الجانب التركي هي هيئة الأركان التركية، والسلطة المسؤولة عن الجانب الإسرائيلي هي سفارة إسرائيل في أنقرة.

ب ـ في إسرائيل:

السلطة المسؤولة عن الجانب التركي هي السفارة التركية في تل أبيب، والسلطة المسؤولة عن الجانب الإسرائيلي هي وزارة الدفاع في إسرائيل.

(قائد المجموعة) أو (الفريق) هو أقدم المعنيين بالنسبة لقوانين البلد المرسل أفراد التبادل.

(الوحدة المضيفة) هي الوحدة التي تستضيف أفراد التبادل في الدول المستقبلة.

(وحدة التبادل) هي الوحدة التي ترسَل إلى الدولة المضيفة لتحقيق قصد هذا الاتفاق.

مضمون التدريب:

١ ـ التعاون في التدريب يحتوي على التالي:

أ ـ تحقيق التعاون على مستويات مختلفة، اعتماداً على أساس المبادلة في ميادين خبرة الأفراد.

ب ـ الزيارات المتبادلة بين الأكاديميات العسكرية والوحدات والمعسكرات

جـ ـ تطبيقات التدريب والمناورات .

د ـ إرسال مراقبين بهدف تتبع المناورات العسكرية لدى الطرفين .

هـ ـ تبادل الموظفين لتأمين المعلومات والتجارة خاصة في الميادين الاجتماعية والثقافية التي تشمل التاريخ العسكري، والمتاحف العسكرية، والأرشيفات العسكرية أيضاً .

و ـ الزيارات المتبادلة للسفن البحرية العسكرية .

ز ـ الزيارات والجولات المتبادلة بين الفرق الرياضية العسكرية والمجموعات الفنية العسكرية .

ح ـ التعاون بين معامل الأفلام والصور الفوتوغرافية العسكرية .

٢ ـ إن تحقيق فعاليات التدريب وتأثير التبادل المذكورة أعلاه يتطلّب تفاهم الطرفين على الاستعدادات كافة المتعلقة بالتفاصيل التالية فيما بينهما :

أ ـ موضوع التدريب .

ب ـ مبادئ التدريب .

جـ ـ مدة التدريب، وتاريخ إتمامه .

د ـ المقاييس التي ستطبق في اختيار الأفراد المرسَلين .

هـ ـ اللغة التي ستستخدم .

و ـ طريقة ومقدار الدفع المالي الذي ستقوم به الدولة المرسِلة بخصوص التدريب والنشاطات الأخرى .

ز ـ النقاط الضرورية الأخرى .

ح ـ شكل تنظيم النشاطات الاجتماعية والثقافية .

ط ـ الطريقة المتعلقة بإنهاء النشاطات .

٣ ـ إخبار الدولة المضيفة بالتفاصيل المتعلقة بوحدة التبادل وبموظفي التبادل، وبالتدريب، في مدة لا تقل عن (٤٥) يوماً.

٤ ـ سيبذل الطرفان أقصى جهودهما في زيادة الزيارات المتبادلة لسفن الأسطول البحري، والطائرات التابعة للقوات الجوية.

٥ ـ سيبذل الطرفان أقصى جهودهما لزيادة الفعاليات الرياضية بين القوات المسلحة.

٦ ـ تحقيق فعاليات التدريب في كل من إسرائيل وتركيا بالتبادل.

**ما يستوجبه التعاون في التدريب العسكري:**

١ ـ لغة التدريب هي لغة الدولة المضيفة، ويمكن استخدام مترجمين بناء على رغبة الدولة المرسلة، وذلك في برامج التدريب التي تبلغ مدتها أقل من سنة، وفي هذه الحالة، تستطيع الدولة المرسلة إرسال مترجمين عسكريين ومدنيين بدرجة كافية. ويمكن للدولة المضيفة أن تقدِّم خدماتها بناءً على رغبة الدولة المرسلة، وتتحمل الدولة المرسلة نفقات الترجمة.

٢ ـ يقرر الطرفان تفاصيل مجالات التطبيق المتعاون فيما بينهما، وذلك باتفاقيات تكنيكية وعلى مستوى أقل.

وفي هذا المفهوم، يجتمع ممثلو الطرفين وينسقون نشاطاتهم في إطار هذا الاتفاق، وكل طلبات التدريب وتدعيم الاحتياجات العسكرية والتنظيمات الأمنية تناقش وتقرر في هذه الاجتماعات.

٣ ـ يستمر التعاون في ضوء الإطار الموضح في هذا الاتفاق، والمواقف والظروف النوعية يتم تناولها كل واقعة فيها على حدة.

إن مضمون فعاليات كل تدريب وأوجهه التكنيكية تناقش في اجتماعات التطبيق، كما ذكر من قبل، وسيتم التفاهم عليها، وتضاف إلى هذا الاتفاق كملحق له.

٢ ـ مسؤوليات الطرفين، والنفقات.

و ـ إذا كان من الضروري عمل تدريب إضافي بعد استعدادات الخطة السنوية فستحل هذه المسائل برضى الطرفين.

٤ ـ تحديد المتدربين من موظفي التبادل من قِبل الدولة المرسلة تبعاً لاحتياجاتها، مع وضع إمكانات الدولة المضيفة في الحسبان.

٥ ـ أفراد التبادل، يحددون حسب التناسق بين الدولتين، المرسلة والمستقبلة.

٦ ـ تثبت الدولة المستقبلة والمؤسسة المسؤولة عن التدريب برنامج التدريب ومحتوى الموضوعات.

٧ ـ تثبت الامتحانات، ووضع الدرجات، وشهادات التدريب والوثائق من قبل الدولة المضيفة.

سرية معلومات الأمن المصنفة:

١ ـ كل المعلومات المتبادلة بين طرفي الاتفاق، وكذلك الخبرات تخضع لأحكام الاتفاق الأمني والسري الذي تمَّ توقيعه في ٣١/ ٣/ ١٩٩٤م.

٢ ـ يجب على أفراد التبادل مراعاة أسس السرية التامة ومراعاة التنظيمات الأمنية للدولة.

٣ ـ يجب على أفراد التبادل الخضوع لنظم الأمن الذي تحدده الدولة المضيفة.

٤ ـ على أفراد التبادل الخضوع لسرية المعلومات المصنفة والمعطاة لهم، ويستمر هذا حتى بعد إتمام التدريب.

٥ ـ على أفراد التبادل عدم إقامة علاقات مع الصحافة، سواء بطريق مباشر، أو بطريق غير مباشر.

٦ ـ الدولة المضيفة مسؤولة عن أمن أفراد التبادل.

٤ ـ سيوضع نصب الأعين احتياج الدولتين ومصلحتهما عند تحقيق هذا التعاون التطبيقات والمسؤوليات المتولدة من هذا التعاون.

١ ـ يمكن أثناء مدة التدريب، تقديم الخدمات والآلات والمواد الضرورية لموظفي التبادل.

٢ ـ يمكن تنظيم التطبيق من أجل تنظيم فعاليات التدريب عندما يُرى أن هذا من الضروري عند الاحتياج إلى تنظيم فاعليات التدريب، ويمكن تحقيق التطبيق ويشمل الخصوصيات التالية:

أ ـ موضوع التدريب.

ب ـ مبادئ التدريب.

جـ ـ مدة التدريب، بدايته وانتهائه.

د ـ الشروط الأولية لموظفي التبادل المرسلين للتدريب.

هـ ـ اللغة المستخدمة في التدريب.

و ـ الموضوعات المالية.

ز ـ المسائل الأخرى الضرورية المتعلقة بالتدريب.

٣ ـ تثبيت الخصوصيات التالية وهي المتعلقة بالأنشطة كافة في حالة عمل خطة سنوية متعلقة بتطبيقات هذا الاتفاق وهي:

أ ـ صفة التدريب، اسمه، ومكان تحقيقه.

ب ـ تاريخ بداية النشاط وتاريخ انتهائه.

جـ ـ مستوى التدريب والشروط الأولية الضرورية لمستوى موظفي التدريب

د ـ عدد الأفراد المقبولين.

هـ ـ المسائل المالية:

١ ـ هل سيكون التدريب في مقابل مالي أم بدون مقابل مالي؟ وإذا كان بمقابل فما شكل الدفع؟.

لن يؤثر هذا الاتفاق على الأحكام الواردة على الاتفاقيات الأخرى التي يعقدها الطرفان .

حالة الطوارئ واختصار البعثة :

١ ـ لن يشترك أفراد التبادل في المعارك التي تحدث بين الدولة المضيفة ودولة ثالثة، ولن يسمح باشتراكهم في عمل إذا كانوا في الدولة المضيفة .

٢ ـ مع تذكر الآتي :

أ ـ على الدولة المضيفة اتخاذ الإجراءات السريعة والتسهيلات اللازمة في حالة إذا طلبت الدولة المرسلة عودة أفرادها المشتركين في التدريب .

ب ـ يستطيع أفراد التبادل ترك البلد برغبة الدولة المرسلة في حالات مثل الحرب، والنزاع المسلح، والتمرُّدات الشعبية، والأزمات الدولية .

المسائل المالية :

١ ـ أحكام عامة :

تحدد الأحكام المتبادلة المتعلقة بهذا الاتفاق بموجب تنظيمات تطبيقية .

٢ ـ المدفوعات والنفقات :

أ ـ تحدد المواقف والظروف الخاصة والمتعلقة بالموقف المالي بموجب التنظيمات التطبيقية. ويقبل الطرفان أن يدفع كل شخص نفقاته .

ب ـ تضمن الدولة المضيفة في مؤسساتها نفقات الإقامة والأكل دون مقابل .

٣ ـ الضرائب :

أ ـ يخضع أفراد التبادل لجميع القواعد الضريبية في الدولة المضيفة .

ب ـ يعفى من الجمارك كلُّ الأجهزة الخاضعة لأهداف الاتفاق بما في ذلك جميع الأجهزة والآلات بشرط أن تكون بكمية محدودة .

جـ ـ على الطرفين اتخاذ التدابير اللازمة الخاصة بموضوع الجمارك للحيلولة دون استغلال ذلك جمركياً .

٤ ـ قرر الطرفان من حيث المبدأ دفع النفقات المحملة على الوحدة المضيفة التي ينفقها أفراد التبادل مثل المرتبات والضمان الاجتماعي ونفقات المواصلات وغيرها .

٥ ـ تغيير الاتفاق :

إذا دعت الحاجة إلى إحداث تغيير في الاتفاق أو مراجعته فيقترح ذلك كتابة، ولابدَّ من مناقشة هذه الاقتراحات المطلوب تغييرها خلال ثلاثين يوماً، وإذا لم يتم التوصل إلى نتيجة خلال (٤٥) يوماً يستطيع الطرف الراغب إنهاء الاتفاق على شكل الإعلام بذلك قبل (٣٠) يوماً من انتهاء مدة الاتفاق بمذكرة تحريرية، وستطبق التغييرات حسب أحكام المادة .

المدة والانتهاء :

١ ـ مدة هذا الاتفاق خمس سنوات، ويتجدد هذا الاتفاق سنوياً ما لم يبلّغ أحد الطرفين الطرف الآخر بمذكرة قبل انتهاء مدة الاتفاق بتسعين يوماً .

٢ ـ إذا اقتنع أحد الطرفين بأن الطرف الثاني لم يطبّق بعض الأحكام فيمكنه طلب التباحث في هذا الشأن كتابة، ويجب بدء هذه المباحثات خلال (٤٥) يوماً، فيكون من حق الطرفين تعطيل الاتفاق بشرط أن يكون الإعلام بهذا كتابة .

المسؤوليات :

١ ـ في حالة حدوث ضرر للأشياء التي تستخدمها القوات المسلحة ضد أعضاء القوات المسلحة والعاملين بها، فيمكن التغاضي عن ذلك إذا كان هذا الضرر يتواءم مع الأحكام الآتية :

أ ـ إذا كان هذا قد حدث أثناء تأدية واجب رسمي قام به أحد العاملين من موظفي التبادل .

ب ـ إذا كان هذا ناتجاً عن استخدام سيارة أو سفينة أو طائرة استخدمها الجانب لتأدية وظيفة رسمية .

٢ ـ لا يدعي طرف على آخر في حوادث تحدث أثناء تأدية الواجبات الرسمية من موت أو إصابة .

٣ ـ يدافع الطرفان عن موظفي التبادل في الحوادث التي توجه من طرف ثالث أثناء أنشطة الأحكام المسجلة بهذا الاتفاق .

| | | |
|---|---|---|
| عن هيئة الأركان العامة بالجمهورية التركية | | عن وزارة الدفاع بدولة إسرائيل |
| مشويل بر | تونشاي كلش | إيفري داود |
| مساعد رئيس هيئة الأركان العامة | وكيل وزارة الدفاع | المدير العام |